# لەگۆڕ دەرهێنانی (مارک سایکس)



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

وەك پێشترو لەم شوێنەدا گوتمان لەساڵی (٢٠١٦) دا سەد ساڵی تەواو بەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆدا تێپەڕ دەبێت، ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە تەواوی جوگرافیای ئەم ناوچەیەی دابەشکردو گەلی کوردستانیشی لە دەوڵەتی خۆی بێبەش کرد.


بۆ زۆرێکیش لەوانەی نەوەی نوێن و ئاگایان لەم ڕێککەوتننامەیە نییە، واباشە ئەوە بڵێین کە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، ئەو ڕێککەوتننامە نهێنییە بوو لە نێوان هەریەك لە(مارك سایکس) وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرا و (فرانسۆ جۆرج پیکۆ) ی وەزیری دەرەوەی فەرەنساو بەئاگاداری روسیای قەیسەریی لەماوەی نێوان تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٥) و ئایاری ساڵی (١٩١٦)دا، کەدواتر بەسەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەساڵی (١٩١٧)دا بڕگەو بەندەکانی ئاشکرا کراو، ئەوساش زۆر دەوڵەتی دیکەی وەك یۆنان و روسیاو تورکیاو ئیتاڵیاش داوای خاك و ناوچەیان بۆ خۆیان دەکرد، بەجۆرێك کە (ویدرۆ ویلسۆن)ی سەرۆکی ئەوسای ئەمریکا لەبارەی ڕێککەوتننامەی (سایکس پیکۆ)وە گوتبووی: (ئەم ڕێککەوتننامەیە لە دامەزراندنی کۆمپانیەك دەچێت بۆ فرۆشتنی چا، کە زۆر بەئاسانیی و ئاسایی خاکی خەڵکێك بە خەڵکی دی دەفرۆشێت).

ئەم ناونیشانەی سەرەوەش (لەگۆڕ دەرهێنانی مارك سایکس) ڕەنگە دوو مانا لەخۆ بگرێت، یەکێکیان ماددی و ئەویدیکەشیان واتایی.

مانا واتاییەکەی ئەوەیە کە ئیدی سەردەمی دوای سەد ساڵی ڕێککەوتننامەی سایکس پێکۆیەو، پێویستە ئەو دۆسیەیە دەربهێنرێتەوەو قسەی دیکەی لەبارەوە بکرێت.

بەڵام مانا ماددییەکەی شتێکی دیکەیەو، پەیوەستە بە ڕاستیی لەگۆڕ دەرهێنانی (مارك سایکس)ی گەورە دیپلۆماتی بەریتانیا، کە لەگەڵ (جۆرج پیکۆ) گەورە دیپلۆماتی فەڕەنسی ناویان پێکەوە گرێدراوەو، لەکۆی ناوی هەردووکیان (سایکس پیکۆ) هاتە ئاراوە.

(مارك سایکس) وێڕای پۆستە سیاسییەکەی، دەوڵەمەندێکی ئەرستۆکراتی خاوەن زەوی و زارێکی زۆر بوو لەناوچەی (یۆرکشایەر)ی ئینگلیزیی، (مارك سایکس) ماوەیەك لە(سوریا) بوو، پاشان گەڕایەوە(لەندەن) و، لەوێ تووشی ئەو جۆرەی ئەنفلۆنزا بوو کەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپای




گرتەوە پێش تەواوبوونی جەنگی جیهانیی یەکەم کە بە (ئەنفلۆنزای ئیسپانیی) ناسرابوو، ئەم جۆرەی ئەنفلۆنزا بووە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی (٥٠) ملیۆن کەس لەجیهاندا.

کاتێك (مارك سایکس) تووشی ئەو نەخۆشییە بوو لە(لەندەن)، هەر بەو نەخۆشییەوە سەردانی (پاریس)ی کرد بۆ ئامادەبوون لەکۆنگرەی ئاشتیی لەپاریس ساڵی (١٩١٩)، بەڵام نەخۆشی (ئەنفلۆنزای ئیسپانیی) بواری نەداو، هەر لەو ساڵەداو، پێش (٩٥)ساڵ لەمەوبەر، لەو ئوتێلەی (پاریس)دا کۆچی دوایی کرد کەلێی دابەزیبوو.

لەبەر ئەوەی ئەو ڤایرۆسەی (ئەنفلۆنزای ئیسپانیی) زۆر مەترسیداربوو، بۆیە تەرمی (مارك سایکس) یان خستە نێو تابوتێکی ناوپۆشکراو بەقورقوشم و، رەوانەی (لەندەن)کرایەوە، بۆیە زانایان ئێستا لایان وابوو بەهۆی ئەو جۆرە تابوتەوە لەوانەیە جۆری ڤایرۆسەکە لەنێویدا پارێزراو بێت بەدرێژایی ئەم دەیان ساڵە.

زانایانی بەریتانیا بۆ لێکۆڵینەوە لەجۆری ئەو ڤایرۆسەی (ئەنفلۆنزای ئیسپانیی)، پێش (٦)ساڵ لەمەوبەر لەساڵی (٢٠٠٨)دا داوایان لەنەوەکانی (مارك سایکس) کرد کە رێگەیان پێبدەن بەهەڵدانەوەی گۆڕەکەی (مارك سایکس) و، دەرهێنانی تەرمەکەی بۆ دۆزینەوەی نەخشەی جینەکانی ئەو ڤایرۆسە، کەوا گومان دەبەن لێکچوونێکی هەبێت لەگەڵ پێکهاتەی ئەنفلۆنزا مەترسیدارەکانی ئەم ساڵانەی ئێستا.

نەوەکانی (مارك سایکس)مۆڵەتی زانایان دا بۆ ئەم کارەو، تەرمەکەش لەتاقیگەیەکی تایبەت و لەهەوا خاڵیکراودا پشکنینی بۆکرا، بۆ خۆ پاراستن لەتووشبوون بە ڤایرۆسە مەترسیدارەکە.

زانینی نەخشەی جینەکانی ئەم ڤایرۆسەش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەم دواییەی زانایانی ئەمریکا لەم بوارەدا، دەبێتە هۆی دۆزینەوەی دەرمانی چارەسەرکردنی ئەنفلۆنزا مەترسیدارەکان لەداهاتوودا.

سەرچاوە: سایتی هەواڵی (بی بی سی)بەریتانی بەزمانی عەرەبی، لەبەرواری (٢٠٠٨/٩/١٦).

لینکی هەواڵەکە: http://news.bbc.co.uk/hi/arabic/sci_tech/newsid_7618000/7618216.stm



# عێراقێکی دارماو و لەناو تونێلێکی رەشدا

## ئەوەی بۆ یەکپارچەیی عێراق دەگری با رێز لەدەستوورەکەی بگرێت





ژەنراڵ پیتەر مەنسور کە ئەفسەری جێبەجێکاربووە لەگەڵ ژەنراڵ پەتریۆس لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ لە عێراقدا، هەفتەی رابردوو لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، جۆرج دەبلیو بوش وەك کۆریای باشوور سەیری عێراقی دەکرد، ئەمەش بەو مانایەی بوش بەنیاز بوو ماوەی ٦٠ ساڵ هێزەکانی لەعێراقدا بمێنێتەوە و سەرەنجام عێراقیش وەك کۆریای باشوور بەرەو سەقامگیری و دیموکراتی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵام عێراق بۆ ئیدارەی ئۆباما وەك ڤیتنام سەیری لێکرا و ئۆباما بەهەرنرخێك بووبێت هەوڵیدا لە عێراق پاشەکشە بکات.

ئەم قسەیەی پیتەر مەنسور دەکرێت لەو چوارچێوەیە بخوێنرێتەوە، بەوەی ئیدارەی ئۆباما وەك شەڕێکی دۆڕاو سەیری شەڕی عێراقی کردووە، بۆیە بەکشانەوەی هێزەکانیشی لە عێراق، هەروەك چۆن ریچارد نیکسۆن دوای کشانەوەی هێزەکانی لە ڤێتنامی باشوور بە تەواوەتی وازی لە ڤێتنام هێنا، باراك ئۆباماش دوای ساڵی ٢٠١١ و کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق، بەهەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵ عێراقدا کرد.

دیارە شێوازی سیاسەتی ئەمریکا لەدوای کشانەوەی هێزەکانی لە ٢٠١١ـەوە تائێستا ئەو راستیە دەسەلمێنن کە ئیدارەی ئۆباما بە هاوشێوەی سیاسەتی ریچارد نیکسۆن لەگەڵ ڤیتنامی باشوور دوای ١٩٧٣ مامەڵە لەگەڵ عێراقی دوای ٢٠١١ دەکەن.

ئاشکرایە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڤێتنامی باشوور، هەردوو ڤێتنامی باکوور و باشوور یەکیان گرتەوەو لەبەرەی بلۆکی سۆشیالیستی دژ بە ئەمریکا خۆیان بینییەوە، راشکاوانەتر هەردوو ڤێتنام بووەوە بەیەك ڤێتنام و یەك دوژمنی ئەمریکا، لە عێراقی دوای ٢٠١١ش، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق هەر لەیەکەم رۆژەوە هەوڵیدا هەیبەت و شکۆی سەرکردەکانی عەرەبی سوننەی عێراق بشکێنێت، ئەمەش بە راوەدوونانی تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆمار و دوای ئەویش بە دەستگیرکردنی رافع عیساوی وەزیری دارایی ئەوکاتی

**چۆن ڤێتنام چووە دەرەوەی میحوەری سیاسەتی ئەمریکا لە دوای ١٩٧٣، بە هەمان شێوە ئیدارەی ئۆباماش ئێستا بە شێوەیەک لە شێوەکان عێراق لەدەرەوەی میحوەری سیاسەتی خۆی سەیر دەکات**

**ئیدارەی ئۆباما بۆ هەرە خراپترین بژاردە کە پێنج ساڵ لەوەو پێش مەزندەی بۆ کرابوو، بژاردەیەکی دیکەی خراپی لەبەردەم عێراق دروست کرد، کە ئەویش دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت بوو کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی سەرەتاکانی لە عێراقدا دەرکەتووە**

عێراق کۆتایی پێهات، ئەمە جیا لەوەی لەناو گرین سەربازگەی شەرەفی کردە بەندیخانەیەکی نهێنی و تێیدا ئەشکەنجەی ئەو بەندکراوانەی عەرەبی سوننە دەدران بەوەی ئیعتیراف بکەن و بە کار و کردەوەی تیرۆیستی تاوانباریان بکەن و پاشان ئەم دانپێدانانە بە ڤیدیۆ تۆمار دەکران و نەیارە سیاسییەکانی بە تیرۆریست پێ تۆمەتبار دەکرا و لە پرۆسەی سیاسیی دوور دەخرانەوە.

نوری مالیکی تارادەیەکی زۆر لەناو شاری بەغدا بەم سیناریۆیەی سەرکەوت، بۆیە دوای بەغدا و سنورداركردنی دەسەڵاتی عەرەبی سوننە لە پرۆسەی سیاسیدا، هەوڵیدا ئەمجارەیان بەناوی دروستکردنی فەرماندەیی دیجلە خۆی لەگەڵ کورد تاقی بکاتەوە، بەڵام ئەمەی بۆ نەچووە سەر و هێزی پێشمەرگەی کوردستان زوو سنوری بۆدانا.

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا نوری مالیکی وازی لەو خەیاڵ پڵاوییە هێناوە بەوەی ناتوانێت ئەوەی ١٩٧٣ لە ڤێتنام روویدا، ئەو لە ٢٠١٤ ئەمەی لە عێراقدا بۆ دووبارە نابێتەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا رەفتارەکانی نوری مالیکی پێمان دەڵێت: فەرامۆشکردنی عێراق لە سیاسەتی ئەمریکادا وایکردووە هێشتا لە خەیاڵی مالیکدا ئەم شەڕە بەردەوام بێت و دەیەوێت بەهەر نرخێك بێت، سیناریۆکەی بەرامبەر کورد سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت هەر وەك چۆن بەرامبەر عەرەبی سوننە سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

لەوانەیە هەندێك هەبن ئەم بەراوردکردنەی نێوان کشانەوەی ١٩٧٣ی ئەمریکا لە باشووری ڤێتنام لەگەڵ کشانەوەی ٢٠١١ی ئەمریکا بەوجۆرە سەیر بکەن، کە کارێکی شیاو نییە ئەم دوو حاڵەتە بە یەکتری بەراورد بکرێت، بەڵام ئەو رووداوانەی لەسەر ئەرزی واقیعی پرۆسەی سیاسیی عێراق روودەدەن و هەڵوێستی ئەمریکا وەك بینەرێك بەرامبەریان، ئەو راستیە دەردەخەن کە ئیدارەی ئۆباما بە هاوشێوەی کشانەوە لە ڤێتنام مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکات، وەك ئەوەی چۆن ڤێتنام چووە دەرەوەی میحوەری سیاسەتی ئەمریکا لە دوای ١٩٧٣، بە هەمان شێوە ئیدارەی ئۆباماش ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان عێراق لەدەرەوەی میحوەری سیاسەتی خۆی سەیر دەکات.

## دوای کشانەوەی ئەمریکا
## عێراق کەوتۆتە بەردەم شەش بژاردەی خراپ

پرۆفیسۆر دانیال بایمەن گەورە تۆژەری ئەمریکی لە ساڵی ٢٠٠٥ توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (پێنج بژاردەی خراپ بۆ عیراق. Five Bad Options for Iraq)، بەپێیی بۆچوونی بایمەن ئەو پێنج بژاردە خراپە بریتی بوون لە:

١. مانەوە لەسەر هەمان رێچکەو ئاراستەی سیاسیی و ئاستی ئەو هێزانەی لەعێراق بوونیان هەیە.
٢. فراونکردنێکی دراماتیکی هێزەکانی ئەمریکا لەگەڵ بوونی هاوپەیمانەکانی.
٣. فراوانکردنی کەم، لەگەڵ وەرچەرخانێکی گەورە لەشەڕی یاخیبوواندا.
٤. دانانی بەرنامە بۆ مانەوەی هێزێکی کەم، بەڵام ئەو هێزە ئەرکەکانی سنوردار بێت.
٥. کشانەوەی تەواو لە عێراقدا.

پرۆفیسۆر دانیاڵ بایمەن لەم توێژینەوەیەدا هۆشداری ئەوەی پێشوەختە داوە، پەنابردن بۆ هەریەکێك لەم پێنج بژاردانە پێویستی بە ستراتیژیەت و دووربینیەکی لەرادەبەدەر هەیە، لەبەر ئەوەی هەریەك لەم بژاردانە، بژاردەی خراپن و دەبێت هەوڵبدرێت زیرەکانە جڵەوگیری لایەنە خراپەکانیان بکرێت.

ئەگەر سەرنجی ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٩ی ئیدارەی بوش بدەین، هەست دەکەین لەگەڵ چوار بژاردەی یەکەم زۆر زیرەکانە مامەڵەی کرد، هەر بۆ نموونە:

* لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ لەسەر هەمان سیاسەت و ئاستی هێزەکانی کە لەعێراقدا هەیبوو، بەردەوام بوو.
* لە ساڵی ٢٠٠٧ لەچوارچێوەی پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێز، هێزەکانی بەشێوەیەکی دراماتیکی زیادکرد.
* دوای سەرکەوتنی لە پرۆسەکە، هێزەکانی لەناو شارەکان کەمکردەوە و ئەرکی هێزەکانی ئەمریکای سنوردار کرد.
* وەرچەرخانی لەشێوازی رووبەڕووبوونەوەی یاخیبووان دورستکرد، کە ئەویش دامەزراندنی هێزەکانی سەحوە بوو.

بەڵام بە هاتنی ئۆباما بۆ کۆشکی سپی، تێڕوانینی ئیدارەی ئۆباما بۆ عێراق گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەرداهات، ئیدارەی ئۆباما دەستبەرداری چوار بژاردە خراپەکەی یەکەمی بوو، پەنای بۆ هەرە خراپترین بژاردە برد کە ئەویش کشانەوەی هێزەکانی بوو لە عێراق.

ئەم هەڵبژاردنەی ئیدارەی ئۆباما بۆ هەرە خراپترین بژاردە کە پێنج ساڵ لەوەو پێش مەزندەی بۆ کرابوو، بژاردەیەکی دیکەی خراپی لەبەردەم عێراق دروست کرد، کە ئەویش دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت بوو کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەتەواوەتی سەرەتاکانی لە عێراقدا دەرکەتووە و ئێستاش ئەو حاڵەتە گەیشتۆتە ئەوەی هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقی پەرت کردووە بە پێکهاتەی سەرەکی شیعەشەوە.

### دەوڵەتێکی داڕماو لەبەردەم بژاردەی خراپی دیکتاتۆریەتدا

ئەگەر ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین بەوەی بۆچی لە توێژینەوەکەی بایمەن ئاماژە بە بژاردەی شەشەم نەکراوە کە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوییە؟ ئایا ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەوکات مەزندەی ئەوە نەکراوە دیکتاتۆریەت لە عێراقدا سەرهەڵبداتەوە؟ تاکڕەوی مالیکی لە حکومڕانی کارێکی لەناکاوو لەپڕ بووە و بیرمەندان و سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا حسابیان بۆ نەکردووە؟

لەوانەیە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە ئاراستەکردنی پرسیارێکی دیکە بێت، بەوی ئەگەر ئەمریکا بۆ رووخاندنی دیکتاتۆریەتی بەعس و سەدام حوسێن لەژێر چەتری نێودەوڵەتی هاتبێتە دەرەوە و ئەو هەموو خەرجی و قوربانییەی دابێت بۆ ئەوەی لە عێراقدا دیکتاتۆریەت نەمێنێت، پرسیارەکە ئەوەیە مەزندەکردن بۆ دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەتێکی دیکە چ مانایەك بە سیاسەتی ئەمریکا دەبەخشێت؟ یان ئایا ئەمریکا کە ئەو هەموو قوربانییەی داوە بۆ رزگارکردنی عێراق، ئایا مانای رزگارکردن لە فەرهەنگی سیاسیی ئەمریکادا گۆڕینی دیکتاتۆرێکی سوننی مەزهەبە بۆ دیکتاتۆرێکی شیعە مەزهەب؟

ئەم پرسیارانە کە هەر یەکەیان لەبری وەڵامدانەوە چەندین پرسیاری دیکەی بەدوای خۆیدا دەهێنن، نەك ئێمەی سەرسام کردووە، بەڵکو ناوەندەکانی توێژینەوەشی لەسەر ئاستی جیهان سەرسامکردووە، لەمەش زیاتر بۆ ئەوەی رای گشتی ئەمریکا لە بەهەدەردانی زیاتر لە ٦ ترلیۆن دۆلار و دەیان هەزار سەرباز لە کوژراو بریندار ئاگادار نەبێت، لەدوای ٢٠١١ـەوە تەعتیمێکی ئیعلامی خراوەتە سەر بارودۆخی عێراق لەنێو میدیاکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی رای گشتی لەو بەهەدەردانە گەورەیە ئاگادار نەبێت.

بەڵام پرسیاری گرنگتر لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئەم بەهەدەردانە لەرای گشتی ئەمریکا شاردرایەوە و ئەگەر دیکتاتۆریەت عێراقی بەرەو لێکترزان و لەبەریەکهەڵوەشان برد، کە پریشکەکانی لەوانەیە ناوچەکە بەتەواوەتی بگرێتەوە، ئایا ئەوکاتە چۆن ئەم حاڵەتە دەشاردرێتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە پێش ئەوەی عێراقیەکان بیدەنەوە، دەبێت ئیدارەی ئەمریکا بیداتەوە، لەبەر ئەوەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ و فەرامۆشکردنی عێراق لە سیاسەتی ئەمریکادا لەماوەی سێ ساڵی رابردوو ئەو بژاردە خراپ و تاڵەی دروستکردووە، عێراق وەك دەوڵەتێکی داڕماو پێناسە بکرێت، دەوڵەتی داڕماویش کە دوایین و خراپترین حاڵەتی دەوڵەتی فاشیلە، مەترسییەکانی سنوری دەوڵەت دەبەزێنێت و ئاسایشی ئیقلیمی و جیهانیش دەخاتە مەترسییەوە.

### هەتا ئێستاش عێراق کلیلی سیاسەتی ئەمریکایە لەناوچەکە

دەوڵەتان زۆرن کە دەگەنە لێواری هەڵدێر و داڕمان و کۆتاییشیان نایەت، بەڵام گرنگ ئەوەیە رزگارکردنی دەوڵەت لە حاڵەتی داڕمانەوە، گواستنەوە نەبێت بۆ حاڵەتی دەوڵەتی لاواز و لەرزۆك، بەڵکو بەپێی نەخشەی رێگەیەك بێت، کە دەوڵەتەکە قۆناخی شکست تێپەڕێنێت و هەنگاو بەرەو دەوڵەتێکی بەهێز هەڵبگرێت.

بۆ ئێستای عێراق کە قۆناخی دوای هەڵبژاردنەکان و دەسپێکی دانوستاندنە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، ئاکامی هەڵبژاردنەکان ئەوەیان دەرخستووە کە نوری مالیکی و لیستەکەی و ئەوانەشی بەرێگەی جیاواز بوونە هاوپەیمانی کەمینەن و لەبەرامبەردا زۆرینەیەك کە مەزندە دەکرێت نزیکەی ٢٠٠ کورسی پەرلەمانی لە هاوپەیمانیەکدا کۆبکەنەوە بوونیان هەیە، هەروەها دەستوورێکیش بوونی هەیە کە نەخشەی رێگەی ئەو دەستوورە عێراق لەسەر بنەمای دەوڵەتێکی فیدرالی و فرەیی و دیموکراتی و پەرلەمانی بونیاد دەنێتەوە، کەواتە ئەگەر هاوکاری عێراقیەکان بکرێت، رزگارکردنی عێراق زۆر قورس نییە. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم هەنگاوە بۆ رزگارکردنی عێراق بێت لە قۆناخی دەوڵەتێکی فاشیل و هەنگاو هەڵگرتن بێت بەرەو دەوڵەتێکی بەهێز، دەوڵەتی بەهێزیش بە مانا کلاسیکیەکەی سەدەی بیست نا، بەڵکو بە مانا تازەکەی دەوڵەتی هاوچەرخ لەسەدەی بیست و یەك، ئەمەش مانای دەوڵەتی بەهێز ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە بتوانێت رێز لە پێکهاتەی فرەیی نەتەوەیی و ئایینی هاووڵاتیانی بگرێت و توانای ئەوەی هەبێت ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات و خزمەتگوزارییە سەرەکیەکان دابین بکات.

ئەم تێگەیشتنە بەم ئاراستەیە بۆ رزگارکردنی عێراق لە حاڵەتی دەوڵەتی داڕماو، ئەوەمان بەراشکاوی بۆ دەخاتەڕوو، کێشەی ئێستای عێراق ئەوە نییە کە هەڕەشە لەسەر یەکپارچەیی عێراق هەبێت، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەوەیە هەڕەشە لەسەر دەستوورەکەی عێراق هەیە و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەو دەستوورە پێشێل دەکات کە یەکپارچەیی عێراق مسۆگەر دەکات.

لەم چوارچێوەیەدا لەبری ئەوەی باسی دەرەنجام بکرێت کە ناویان لێناوە هەڵوەشانەوەی عێراق، باشترە باس لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستوورەکەی بکرێت کە رێگە لە هەڵوەشانەوەی عێراق دەگرێت، بۆیە قسەکردن لەسەر

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠١١ و فەرامۆشکردنی عێراق لە سیاسەتی ئەمریکادا لەماوەی سێ ساڵی رابردوو ئەو بژاردە خراپ و تاڵەی دروستکردووە، عێراق وەک دەوڵەتێکی داڕماو پێناسە بکرێت**

**ئەگەر هاوکاری عێراقیەکان بکرێت، رزگارکردنی عێراق زۆر قورس نییە. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم هەنگاوە بۆ رزگارکردنی عێراق بێت لە قۆناخی دەوڵەتێکی فاشیل و هەنگاو هەڵگرتن بێت بەرەو دەوڵەتێکی بەهێز**



**پرسی کورد و جیابوونەوە لە دیکتاتۆریەت نزیکەی چارەکە سەدەیەکە بە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو مافە بەکورد دراوە کە لەژێر دەستی دیکتاتۆریەت نەژی و بڕیاری جیابوونەوە بدات و ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە ئەو بڕیارە و جیابوونەوەی کورد لە دیکتاتۆریەت بپارێزێت**

مانەوە و نەمانەوەی عێراق بەندە بەوەی تاچەند ئەو دەستوورەی عێراقیەکان دەنگیان بۆداوە لەلایەن هەموو پێکهاتەکانەوە ڕێزی لێدەگیرێت و وەك خۆی جێبەجێ دەکرێت، هەروەها تاچەند ئەو دەوڵەتانەی کە مەبەستیانە عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە، هەوڵدەدەن هاوکاری عێراقیەکان بن بۆ ئەوەی دەستوورەکە جێبەجێ بکەن.

بەهەردوو بارەکەدا، ئەمریکا هاوکاری عێراقیەکان بێت بۆ ئەوەی دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت، یان وەك دووسێ ساڵی رابردوو بارودۆخەکە فەرامۆش بکات و ڕێگە بۆ دروستبوونەوەی دیکتاتۆریەت خۆش بکات، ئەوا هەتا ئێستاش ئاکامی عێراق دەبێتە ئەو کلیلەی کە ئاراستەی سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری دەکات، هەر بۆ نموونە ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر هەردوو حاڵەتەکە بکەین و وەك گریمانە راڤەیان بکەین:

١. گریمان ئەمریکا هاوکاری عێراقیەکانی کرد بۆ جێبەجێکردنی دەستوور.

ئەگەر ئەمریکا هاوکاری عێراقیەکان بێت بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، ئەوا ئەمریکا دەبێتە خاوەنی نموونەیەکی دەوڵەتی لێکدراو (دولە المرکبە) لەناو نەخشەکەی سایکس پیکۆ، ئەوجا لەبەر ئەوەی لەناو نەخشەی سایکس پیکۆدا نەتەوەکان پێکەوە لکێنراون بەبێ ئەوەی حسابی ناسنامە و مافی چارەنووس کرابێت، ئەوا بەبوونی عێراق بەدەوڵەتێکی فیدرالی، واتە بەچەند هەرێمێکی فیدرالی خاوەنی ئیدارەیەکی نیمچە سەربەخۆی دەسەڵات فراوان و حکومەتێکی فیدرالی دەسەڵات سنوردار، ئەوا ئەمریکا کلیلێکی دەکەوێتە دەست کە کێشەی سوریا و تەنانەت چەند وڵاتێکی دیکەش دەتوانێت چارەسەر بکات و لەو مەترسیە دوور دەکەوێتەوە کە شەڕ و توندوتیژی سنورەکان لەبەریەك هەڵبووەشێنێت.

لەلایەکی دیکە ئەگەر ئەمریکا هاوکاری عێراقیەکان بێت بۆ ئەوەی دەستوور جێبەجێ بکرێت، ئەوا وەك ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ عێراقیەکان بە تایبەتی عەرەبی سوننەی عێراق هاوکار دەبن بۆ نەهێشتنی تیرۆریستان لە عێراق، بەمەش زۆنێکی گەورەی تیرۆریستان کە ئێستا ناوەڕاستی عێراقەو ئێستا تیرۆریستان توانایان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی شارەکانی عێراق داگیر بکەن، ئەوا ئەو زۆنە پاکدەکرێتەوە، بەمەش سەرکەوتنێکی گەورە لە شەڕی دژە تیرۆر بەدەست دەهێنێت و دەبێتە سەرەتایەك بۆ سەرکەوتنی شەڕی دژە تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

٢. گریمان ئەمریکا لەسەر لایەنی فەرامۆشکردنی عێراق بەردەوام بێت و زەمینەی زیاتر خۆش بکات بۆ پێشێلکردنی دەستوور.

ئەگەر ئەمریکا لەسەر ئەم سیاسەتەی بەردەوام بێت، ئەوا بارودۆخی ئێستای سامەڕا، بەغدا، دیالە، فەلوجە، ئەنبار، موسڵ وەك خۆی بەردەوام دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت، هۆکاری سادە بۆ مەزندەکردنی ئەوەی بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت، ئەوەیە کە شێوازی شەڕی تیرۆریستان لە ئێستادا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەك یان بەشێکی دیاریکراو نییە لە عێراقدا، بەڵکو شێوازێکی هەڵکوتانە سەر و پاشەکشەکردنە، بۆ ئەوەی لەبەشێکی فراوانی عێراقدا ترس و تۆقاندن دروست بێت و ژیانی تێدا نەمێنێت.

ئەوجا لەبەر ئەوەشی پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراقەوە پەراوێزخراون و خواست و داواکاریەکان لە چوارچێوەی شەڕی دژە تیرۆردا



مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، ئەوا ئەگەر هاریكاری تیرۆرستانی (داعش)یش نەكەن، ئەوا هاوكاری حكومەتی عێراق ناكەن لە هێرشەكانی بۆ سەر (داعش) لەم حاڵەتەشدا زەمینەیەك دروست دەبێت بۆ ئەوەی بازنەی توندوتیژی لە ناوەڕاستی عێراقەوە درێژ بێتەوە تا لوبنان، ئەم توندوتیژییەش وادەكات، عێراق و سوریا پێكەوە لەبەریەك هەڵوەشێن، كە ئەمەش روویدا لە كۆنترۆڵی ئەمریكا دەردەچێت.

## هەرێمی كوردستان
## لە ناو عێراقێكی دارماودا

هەرێمی كوردستانی عێراق لە چوارچێوەی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەشێك نەبووە لە عێراقێكی دیكتاتۆری و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەو مافەی پێبەخشیوە، ئەمەش وەك رێزگرتن لە كۆڕەوە مێژووییەكەی بەهاری ١٩٩١ كە خۆی لە خۆیدا ریفراندۆمێك بوو بۆ هەڵبژاردنی مەرگ، یان جیابوونەوە لە دیكتاتۆریەت.

بەدرێژایی ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەكگرتووەكان رێزیان لەم تایبەتمەندیەی هەرێمی كوردستان گرتووە، تەنانەت دوای دەرچوونی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش كە بە بڕیاری (نەوت بەرامبەر خۆراك) ناسراوە، بەشە داهاتی كوردستان بەرێژەی ١٣٪ جیاكرابۆوە و راستەوخۆ لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بۆ كوردستان خەرجدەكرا.

كەواتە پرسی كورد و جیابوونەوە لە دیكتاتۆریەت نزیكەی چارەكە سەدەیەكە بە بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو مافە بەكورد دراوە كە لەژێر دەستی دیكتاتۆریەت نەژی و بڕیاری جیابوونەوە بدات و ئەركی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە ئەو بڕیارە و جیابوونەوەی كورد لە دیكتاتۆریەت بپارێزێت.

بۆیە عێراقی ژێر دەسەڵاتی دیكتاتۆریەت لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو بەشەی عێراق بووە كە كوردستان هاوپەیمانی هاوپەیمانان بووە بۆ رزگاركردنی لە دیكتاتۆریەت، پاش ئەوەی عێراق لە دیكتاتۆریەت ئازاد كراوە، لە چوارچێوەی دەستوورێكی تازەدا، هەرێمی كوردستان بڕیاریداوە ببێتەوە بەبەشێك لە عێراق، بەڵام ئەم بوونەوە بەبەشێك مەرجدارە بە جێبەجێكردنی ئەو دەستوورەی دوای بڕیاری ٦٨٨ و ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆتە گرێبەستی مانەوەی هەرێمی كوردستان لەگەڵ عێراقدا.

ئەم حاڵەتە بۆتە ئەمری واقیع لەسەر ئاستی ناوچەكە و ئەورووپا و جیهانیش، هەربۆیە هەموو جیهان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق كە گرێبەستێكە بۆ مانەوەی كوردستان لە عێراق مامەڵە لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەكەن و دەوڵەتان كونسوڵگەری خۆیان لە هەولێر دەكەنەوە.

بۆیە ئەگەر هەر كەسێك حكومڕان بێت لە بەغدا، ئەوجا مالیكی بێت یان هەر كەسێكی دیكە، دەبێت ئەوە باش بزانێت، لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە كێشەی كورد بەگشتی و كیانی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی تایبەتی شەرعیەتێكی نێودەوڵەتی هەیە و مەرجدارە بە شێواز و جۆری حكومڕانی لە بەغدا، ئەگەر بەغدا حكومڕانیەكی دەستووری پیادە بكات و بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ هەرێمی كوردستان بكات، ئەوا كوردستان ئارەزوومەندانە بەشێك دەبێت لە عێراق، خۆ ئەگەر حكومڕانانی بەغدا ئەو مافە پێشێل بكەن، ئەوا ناتوانن لە حەمرین بپەڕنەوە و ئەركی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە رێز لەو شەرعیەتە بگرن كە بەدوو بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش بە هەرێمی كوردستانیان داوە.

بۆیە لە كاتێكدا سیاسەتی تاكڕەوی و دیكتاتۆری ئێستای حكومڕانانی عێراق، عێراقیان وەك دەوڵەتێكی دارماو خستۆتە ناو تونێلێكی تاریكەوە، ئەوا هەقە ئەو راستیە ببینین كە هەرێمی كوردستان لەدەرەوەی ئەو تونێلە تاریكەیەو، هەرێمی كوردستان بەخۆیی و ئاڵای كوردستانەوە لە كۆشكی ئەلیزی و تین داون ستریت هاوشانی ئاڵای بەریتانیا و فەرەنسا دادەنرێت، راستە ئێستا لەگەڵ ئاڵای كوردستان ئاڵای عێراقیش دادەنرێت، بەڵام ئەگەر عێراق بەتەواوەتی بووە دیكتاتۆریەت، ئەوا ئاڵای عێراق لادەبرێت و بەتەنیا ئاڵای كوردستان هاوشانی ئاڵای دەوڵەتانی دیموكراتی دەشەكێتەوە.

**هەر كەسێك حكومڕان بێت لە بەغدا، ئەوجا مالیكی بێت یان هەر كەسێكی دیكە، دەبێت ئەوە باش بزانێت، لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە كێشەی كورد بەگشتی و كیانی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی تایبەتی شەرعیەتێكی نێودەوڵەتی هەیە و مەرجدارە بە شێواز و جۆری حكومڕانی لە بەغدا**



مایکل دیش ئەکادیمیست و دیپلۆماتکاری ئەمریکی بۆ گوڵان:

# زۆرێک لە سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی ئەستەمە توانای ئەوە هەبێت دەوڵەتێکی فاشیلی وەک عێراق رزگار بکرێت

**پرۆفیسۆر مایکل.سی،دیش ئوستاد و سەرۆکی بەشی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی نۆرس داما. هەروەها دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ئامۆژگای سکرۆکرافتە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و لەسالآنی ٢٠٠٤- ٢٠٠٨ لە کۆلێژی بوش بووە بۆ کاروباری حکومەت و هەواڵگری و ئاسایش و دروستکردنی بڕیار، لەزانکۆی تەکساس. پێش ئەوەش ئوستاد و بەڕێوەبەری ئامۆژگای پەترسۆن بووە بۆ دیپلۆماتی و بازرگانی لە زانکۆی کنتاکی، بۆ قسەکردن لەسەر مەترسیەکانی دەوڵەتی فاشیل و شکستخواردوو لەمڕۆی جیهان و مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵی ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** کێشەی سەرەکی سەدەی بیست و یەك بریتییە لە بوونی دەوڵەتی شکستخواردوو و لاواز، کە بوونەتە پانتاییەك بۆ پشێوی و ناسەقامگیری و ئێستا بوونەتە مۆڵگەی تیرۆریستانیش، هەروەها ئەم پشێوی و ناسەقامگیریە کاریگەری هەیە لەسەر ئاسایش و ئاشتی ناوچەکە و هەندێ جار جیهانیش، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی شکستخواردودا بکەین لە سەدەی بیست و یەکدا؟**

- دیارە ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مامەڵەی لەگەڵ دەوڵەتە شکستخواردووەکاندا کردووە، بەڵام بە شێوەیەکەی تایبەتی دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، کێشەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان هەڵکشا بەرەو لوتکەی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوە، بەتایبەتی لە سالآنی نەوەتەکاندا، و رەنگە لە ماوەی سالآنی سەرەتای شەڕی عێراق و ئەفغانستاندا، کە ئەمریکا لەم سەدەیەدا وەڵامدەرەوەی کێشە جیاوازەکانی دەوڵەتە شکستخواردووەکان بوو، ئەویش لە رێی پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوەوە. چونکە- هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد- شکستهێنان دەبێتە هۆی هێنانەئارای هەموو جۆرە ناسەقامگیری و توندوتیژیەك لەم ناوچە گرنگەدا. بەتایبەتی دۆخی عێراق بووە هۆی ئەوەی دووبارە بیربکرێتەوە لە توانای ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەوڵەتە شکستخواردوەکان لە رێی پرۆسەی بونیاتنانی نەتەوەوە. لە راستیدا ئەوەی لە سایەی ئیدارەی ئۆبامادا بینیمان، گرتنەبەری رێگاچارەیەکی جیاواز بوو، ئیدی لە سوریا بێت یان لە لیبیا، ئەو رێگاچارەیەش یان ئیحیتواکردن بووە، وەك ئەوەی لە سوریا هەیە، یاخود دەستێوەردانی ناڕاستەوخۆ بوو، وەك ئەوەی لە لیبیادا بینیمان.

*** باس لەوە دەکرێت پشێوی و توندوتیژی باڵی کێشاوە بەسەر ئەم وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە ئەنجامدا بوونەتە مۆڵگە و گۆڕەپانی تیرۆریستان، تا چ رادەیەك ئەم دۆخە هەڕەشەیە لەسەر ئاسایش و ئاشتی جیهان؟**

- داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکا بەردەوامن لە جەختکردنەوە لەسەر پیشاندانی گرنگی رێگەکرتن لەو هەڕەشانەی بارودۆخی سوریا لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا دروستی دەکات. بەڵام ئەوەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ئەوەیە متمانەیەکی زۆرمان هەبوو لە سالآنی نەوەتەکاندا، و سالآنی سەرەتای شەڕی عێراقدا، بەوەی راستەخۆ مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا بکەین، بە دەربڕینێکی دیکە دەست بدەینە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان، بەڵام ئەزموونی ئێمە لە عێراق بە تایبەتی، وای لە زۆرێك لە ئەمریکیەکان و داڕێژەرانی سیاسەت کرد کە وا بیر بکەنەوە هەندێ دەوڵەتی شکستخواردوو هەن، توانای ئەوەیان نییە چارەسەریان بکەن. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانەدا دەکەیت کە هەن و بوونیان هەیە، وەك بوونی- ئەم دەوڵەتانە-بە مۆڵگەی تیرۆریستان و کێشەکانی دیکە. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە بیرکردنەوەی ئێمە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا رۆیشت و پێمان باشترە ناڕاستەوخۆ بەشدار بین، بۆ نموونە، وەك ئەوەی لەگەڵ ئەفریقیادا ئەنجامی دەدەین. پێدەچێت، لە هەندێ شوێندا، بڕیاری ئەوەمان دابێت کە باشترە...ئیحتیوای کێشەکە بکەین، پێموایە ئێستا ئێمە ئەمە لە سوریادا دەکەین.

*** لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە بە گۆڕانکاریدا تێدەپەڕن و هەروەها وڵاتانی تازەگەشەکردوو بە گشتی، کێشەی ئایینی و ئیتنیان هەیە و دەوڵەتێکی شکستخواردوو هەیە و دامەزراوەکان لەرزۆك و لاوازن و ناتوانن کاروبارەکان بەڕێوە ببەن، و گەندەڵی سیاسی و ئابووریی و ئیداری لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێت،**



**دۆخی عێراق بووە هۆی ئەوەی دووبارە بیربکرێتەوە لە توانای ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان لە ڕێی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەوە**

**بوونی نیزام و سەقامگیری و حکومڕانیەکی کارا، مەرجی پێشوەختی بنەڕەتین بۆ دیموکراسی و سیستمێکی سیاسی کارا**

**ئایـــا بە بۆچوونی ئێوە مومکینـــە ناکۆکی ئیتنی یان ئایینی لە وڵاتە شکستخواردووەکاندا چارەسەر بن و ئایا دەکرێت دامەزراوەی بەهێـــز بنیات بنرێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم دۆخە کارەساتبارەدا؟**

- ئەوە قورســـە، ئەوەی ئێوە دەیڵێن بە تەواوەتی ڕاستە کـــە بوونی نیـــزام و ســـەقامگیری و حکومڕانیەکی کارا، مەرجی پێشـــوەختی بنەڕەتین بۆ دیموکراســـی و سیســـتمێکی سیاسی کارا. پێشتر ئێمە جەختمان لەسەر بنیاتنانـــی دامەزراوەکانی حکومـــەت و بونیادەکەی دەکردەوە، پێش ئەوەی دەست بە دیموکراتیکردن بکەین، ئەمە لە هەندێ شـــوێن سەرکەوتوو بووە، بەڵام هەندێ وڵات هەیە کە دامەزراوە سیاســـییەکانیان زۆر لاوازن و وڵاتەکە لەسەر بنەمای ئیتنی یان ئایینی دابەش بووە و هیچ ڕێگایەك نییە بۆ بنیاتنانی حکومڕانیەکی کارا تێیاندا. عێراق نموونەیەکی باشـــە لەو ڕووەوە، چونکە ئێمە هەنـــدێ دامەزراوەی حکومڕانـــی تۆکمەمان لە بەغدا بنیاتنا، یاخود بەشـــداربووین لە بنیاتنانیاندا، و ئێستاش سوپای عێراق بەهێزتر و بە تواناترە، بە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥، بەڵام عێراق- هەروەك ئێوەش لە من باشـــتر دەزانن- ئەوەیە بە دەست دابەشبوونێکی قووڵی ئیتنی و ئایینیەوە دەناڵێنێت، واتا ئەو دامەزراوە حکومیە بەهێزانە و ئەو ســـوپای بنیاتمان نا، بەهۆی تایەفەگەریی دووچـــاری گیروگرفت بوونە و ئەمەش دۆخەکەی خراپتر کردووە.

*** چۆن دەکرێت کێشـــە ئیتنـــی و ئایینیەکان لە وڵاتە شکستخواردووەکاندا چارەسەر بکرێن؟**

- هەمیشـــە چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــانە مومکین نییە تا پەنا نەبەیتە بەر چارەســـەرێکی ریشەیی، وەك دابەشکردن، ئەو وڵاتانە نمونەیەکن لەو ڕووەوە. کێشەی کورد لە عێراقدا کەمتـــر مایەی گرفتە بە بەراورد بە کێشەی شـــیعە و سوننەکان، بەشـــێکی مەسەلەکە بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە کە هەرێمە کوردیەکە لە ئاســـتێکی باڵادا خـــاوەن خۆبەڕێوەبەرین(ئۆتۆنۆمی)، بەڵام ئەمە هاوکارنییـــە لە چارەســـەرکردن و بەهێزکردنی دەوڵەتی عێراقـــی، چونکە- لە باشـــترین حاڵەتەدا- ئەمە تەنیا چارەسەرێکی کاتییە.

*** ئەزموونەکانی عێراق ئەوەیان پیشـــان داوە کە کێشە ئیتنی و ئایینیەکانی وڵاتان بە ڕووخاندن و لەناوبردنی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان و بونیاتنانی سیســـتمێکی نوێ چارەســـەر نابن، واتە مەســـەلەکە ئەوەندە ئاسان نییە، پرســـیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەمریکا وەك سوپەر پاوەرێك نەتوانێت کێشـــەی دەوڵەتە شکســـتخوارد و لاوازەکان چارەســـەر بکات، بۆچی ڕێگانـــادات نەتەوەکانی ئەم وڵاتە خۆیان بڕیار لە چارەنووســـی خۆیـــان بدەن، بۆ نموونـــە ئەگەر کوردەکان دەوڵەتی ســـەربەخۆی خۆیان دەوێت، ئیتر بۆچی نەیانبێت؟**

- ئەگەر پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەمریکا هانی دابەشبوون نادات؟ لەبەر ئەوەیە کە دابەشـــکردن چارەسەرێکی بێ کەموکوڕی نییە، چونکە لە مەودای کورتدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام هەندێ جار کێشەی مەترسیدارتر دروست



دەکات لە مەودای دووردا. لێرەدا ئاماژە بە دابەشبوونی هیندستان و پاکستان دەکرێت، کە بە دڵنیاییەوە- لە مەودای کورتدا- ڕێگر بوو لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە هیندستانی گەورەدا، بەڵام لە مەودای دووردا نەبووە هۆی ئەوەی هیندستان و پاکستان وەك دوو وڵاتی سەربەخۆ شەڕ لەگەڵ یەکتردا نەکەن. هۆکارێکی دیکە بریتییە لەوەی چەمکی یەکپارچەیی خاك زۆر چەسپێنراوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا، ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە بۆ دوودڵی ئەمریکا لە پشتیوانیکردن لەم چارەسەرە، وەك ڕێگاچارەیەك.

*** ئەگەر لە بارودۆخی سوریا بڕوانین، ئەوا دەبینین کە هێشتا جیهان ناتوانێت هیچ شتێك بکات لە ئاست سوریادا، هەروەها ئاشکرایە کە ئەم وڵاتە لە ڕووی ناوخۆییەوە دابەش بووە، بەشێکی بەدەست ڕژێمەکەی ئەسەد و بەشێکی بەدەست گرووپە تیرۆریستیەکانەوەیە و کوشتن و خوێنڕێژی و توندوتیژی بەردەوامە لەو وڵاتەدا، هەروەها نیوەی زیاتری خەڵکی وڵاتەکە ئاوارەن، پرسیارەکە ئەوەیە جیهان هیچ کارێك ناکات بۆ سنورداکردنی ئەم کارەساتە مرۆییە؟ بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگە لە ئاست ئەم هەموو کوشتار و کارەساتانەدا و بۆچی هەڵوێستی نییە؟**

- کێشەکە- لە سوریا بە تایبەتی- ئەوەیە کە چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادا نییە، لەبەر ئەوەی لەلایەك ڕژێمەکەی ئەسەد زۆر خراپ ڕەفتاری کردووە، و لەلایەکی دیکەوە لە موعارەزەشدا گرووپگەلێك هەن- کە بە ڕاشکاوی-

ئێمە نامانەوێت لە دەسەڵاتدا بیان بینین. کەواتە، تەنانەت بۆ وڵاتێکی وەك ئەمریکاش- کە لە ڕووی سەربازییەوە باڵادەستە- کارێکی زۆری لەدەست نایەت لەم ڕووەوە.

*** کەواتە چارەسەر چییە؟**

- پێموایە دەبێت زۆر وریا بین لە هاندانی گەلان بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکانیان، و دەبێت لەوە تێبگەین کە ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان ڕەنگە باجی خۆی هەبێت لە ڕووی گەنجینە و خوێنەوە و کاتێکیش حەز بە مانەوەی ڕژێمێك ناکەین، دەبێت باش بیر بکەینەوە کە ئایا موعارەزە باشترە لەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە.

*** لە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی سەنتەرەکانی توێژینەوە لەبارەی دەوڵەتە شکستخواردووەکان و چارەسەرکردنی ڕیشەیی کێشەی ئیتنی، ئاماژە بەو نەخشەیە دەکەن کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانرا، ئەم سەنتەرانە ئاماژە بەوە دەکەن کە سایکس پیکۆ کۆتایی هاتووە، ڕاو بۆچوونی ئێوە چییە؟**

- پێموانیە بتوانین گۆچانێك ڕاوەشێنین و دووبارە نەخشەی جیهانێك دابڕێژینەوە کە دەوڵەتی شکستخواردووی تێدایە، چونکە بەم کارە تۆ کێشەی سیاسی جددی دەخوڵقێنیت، کە چارەسەرکردنیان ئاسان نابێت. کوردستان وەك نموونە وەربگرە، ئەگەر تۆ دووبارە سنورە دابڕێژیتەوە کە ڕەنگدانەوەی هاوسەنگی دیمۆگرافی ئەو خەڵکانە بێت کە کوردن، کە ئەمەش نەك هەر تەنیا خاکی عێراق، بەڵکو خاکی ئێران و تورکیاش دەگرێتەوە و من زەمانەتی ئەوە دەکەم کە تورکیا و ئێران و حکومەتی عێراق سەرسەختانە دژی ئەو جۆرە چارەسەرە دەوەستنەوە. لە ڕاستیدا پێموایە ئەو چارەسەرەی کە پتر مایەی سەرکەوتنە بریتییە لە دابەش بوونی ئەمری واقیع و بوونی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر- بە چەشنی ئەوەی ئێستا هەرێمی کوردستان هەیەتی. و ئەگەری ئەوەش نییە ئەمریکا لە بوونی ئۆتۆنۆمیەکی ئاست بەرز زیاتر پشتیوانی کوردەکان بکات، واتە ئەگەری ئەوە نییە ئەمریکا پاڵپشتی لە سەربەخۆیی کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی لەلایەن زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەوە بە شێوەیەکی توندوتیژ بەرهەڵستی دەکرێت. ئەمە پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە و پێویستە کوردەکان ئارامگرین، چونکە ئەگەر ئێمە لە جیهانێکی میسالیدا ژیابایین، ئەوا کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان دەبوو- هەرچەندە ڕەنگە لە کۆتاییدا ئەمە ڕووبدات-، بەڵام خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمیەك)ی لەسەرخۆ کە وریاییانە هەنگاو هەڵبگرێت، باشترە لە فشارکردن بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ ببێتە خاوەنی دەوڵەت، کە ئەمەش ڕوودانی شەڕ خێراتر دەکات.

**ئەگەر ئێمە لە جیهانێکی میسالیدا ژیابایین، ئەوا کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان دەبوو- هەرچەندە ڕەنگە لە کۆتاییدا ئەمە ڕووبدات**

**دەبێت زۆر وریا بین لە هاندانی گەلان بۆ ڕووخاندنی حکومەتەکانیان، و دەبێت لەوە تێبگەین کە ڕووخاندنی دیکتاتۆرەکان ڕەنگە باجی خۆی هەبێت لە ڕووی گەنجینە و خوێنەوە و کاتێکیش حەز بە مانەوەی ڕژێمێک ناکەین، دەبێت باش بیر بکەینەوە کە ئایا موعارەزە باشترە لەو حکومەتەی لە دەسەڵاتدایە**



### سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دەستکراوە بە خەرجکردنی مووچەی مانگی ئایار و بەم نزیکانەش مووچەی مانگی حوزەیرانیش دەدرێت

**بڕیاری فرۆشتنی نەوتی کوردستان، سەرەتایەکی گەشە بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە ئابووریەی کە بە ئەنقەست سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراقی فیدرالی لە هەرێمی کوردستان دروستی کردووە، ئەم سەرەتا گەشەش لە هەڵوێست و خۆڕاگری خەڵکی کوردستانەوە و یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت کە نەیانهێشت ئەو خەون و پیلانەی نوری مالیکی دایڕشتبوو لە هەرێمی کوردستان سەربگرێت، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی قەیرانی دارایی و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی، هەروەها دانانی بناخەیەك بۆ ئەوەی جارێکی دیکە کەس یاری بە قووتی خەڵکی کوردستان نەکات، سەفین دزەیی وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**گوڵان:** دوای تێپەڕبوونی ٥ مانگ بەسەر دروستبوونی کێشەی دارایی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا و دوای نەناردنی بودجە و مووچە بۆ ماوەی ٣ مانگ لەسەریەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا نەوتی کوردستان بفرۆشێت، ئایا لەسەر چ بنەمایەك ئەم بڕیارە دراوە و تاچەند ئەم بڕیارە لەم کاتەدا هەولێر و بەغدا لێك دووردەخاتەوە؟

**سەفین دزەیی:** حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند بووە بە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە ٥ی ٢٠١٣ بڕگەی ٦ کە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و پابەندی دەکات بە هەنگاونان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، لەناو ئەوانەشدا هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتە، هەرچەند حکومەتی هەرێم هەوڵێکی زۆر جددی داوە لەسەرەتای ئەمساڵ تا مانگی نیسان، سێ جار شاندی هەرێم بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوونە بەغداو کۆبوونەوەی چڕوپڕیان کردو کۆبوونەوەکان کەشوهەوایەکی ئەرێنیان هەبوو، بەڵام بە داخەوە پاشان کە دەرئەنجامی کۆبوونەوەکان پێشکەش بە مالیکی کرابوو دیارە ئەو رای تری هەبووە و رای ئەویش ئەوەیە کە کۆنترۆڵکردن هەبێت لەلایەن ناوەندەوە بە هەمان ئەو زەینیەت و عەقڵیەتەی جاران کە هەبووە ئەمەش واتا لادان لە دەستوور و بە هەند وەرنەگرتنی ئەو یاسایەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە وەك هەرێمێکی فیدراڵی دەیانەوێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن هەر چۆن مامەڵە لەگەڵ پازدە پارێزگاکەی تری عێراقدا دەکەن ئەوەش بە راستی قابیلی قبووڵ نییە نە لەلایەن حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و نە لەلایەن هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانیشەوە. چەندی هەوڵدرا بگەینە دەرئەنجامێك و لە پاش چاوەڕوانی ماوەیەکی درێژیش، بەڵام لە کۆبوونەوەکاندا نەگەیشتینە ئەنجام، گەرچی مروونەتێکی زۆریش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پیشان درا، بۆ نیازپاکیش لە ٤/١ حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا کە رۆژانە سەد هەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات لە رێگای سۆمۆوە تا دانوستاندنەکان بەردەوام دەبێت و دەگەینە ئاکامێکی باش و دڵخۆشکەر، بەڵام دیارە ئەوەش لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە پەسەند نەکرا، حکومەتی ناوەند لەسەر نەناردن و راگرتنی بودجەی هەرێم بەردەوام بوو، کە ئەمەش نایاسایی و نامرۆڤانەیە، حکومەتی هەرێم ناچار بوو تا بەپێی ئەو ماددە یاساییەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووێنراون هەنگاوی پێویست بنێت بۆ دابینکردنی قووتی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

**گوڵان:** لەم رۆژانە راتانگەیاندووە کە لەماوەی ٦ مانگی

**جێی فەخر و شانازییە کە لەم قەیرانەدا خەڵکی کوردستان جوامێرانە لە پشت حکومەتەکەی خۆیان بوون**

**ئەو نەوتەی هەناردە کراوە هەر بەردەوام دەبێت و رۆژ بە رۆژیش رێژەی هەناردەکردن زیاتر دەکەین**

داهاتوو قەیرانی ئابووری و دارایی کوردستان چارەسەر دەکەن، ئایا بەڕێزت دەتوانیت هێڵە گشتیەکانی ئەو بەرنامەیەمان بۆ ئاشکرا بکەن، بەوەی چۆن لەماوەی ٦ مانگدا ئەم قەیرانە چارەسەر دەبێت؟ ئەگەر ئەوەندە دڵنیان کە لە لەماوەی ٦ مانگدا چارەسەری دەکەن، بۆچی لە بانکی دەوڵەتە دۆستەکانتان قەرز ناکەن و کۆتایی بەم قەیرانە بهێنن؟

**سەفین دزەیی:** مەسەلەی قەیران و کێشەی دارایی لە ئارادایەو شتێکی نەشاراوەیە، جێی فەخر و شانازییە کە لەم قەیرانەدا خەڵکی کوردستان جوامێرانە لە پشت حکومەتەکەی خۆیان بوون.

کەس ناتوانێت نکۆڵی بکات لەوەی بڕیاری بودجە بڕین و مووچە بڕین لەلایەن خودی مالیکییەوە بووە، لە یەکێك لە کۆبوونەوەکاندا سەفائەدین سافی وەزیری دارایی حکومەتی فیدراڵ بە راشکاوانە پێی راگەیاندین کە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران مووچەیان بڕیوە، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس کە لەوێ ئامادەبوو وتی ئەنجومەنی وەزیران هیچ بڕیارێکی لەو شێوەیەی نەداوە، دواتر ئینجا وەزیری دارایی لە قسەکەی خۆی پەشیمان بۆوەو وتی بەڵێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرکردەی هێزە چەکدارەکان، ئەم پەرەگرافەی دوایی وەك گەفێك بەکارهێنا، کەواتە وادەردەکەوێت ئەمە بۆ خۆی بڕیارێکی نایاسایی و نامرۆڤانەیە کە بەغدا داوێتی، بۆیە ئێمە لەو سەروبەندەدا کۆمەڵێك هەنگاوی ترمان ناوە ئەویش بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکانی حکومەتی هەرێم و زیادکردنی داهات و ئیراداتی ناوخۆ و ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، هەروەها گفتوگۆ لەگەڵ هەندێك ناوەندی تری جیهانی و بانکە جیهانیەکان کراوە قەرز وەربگرین و بتوانین تا ئەو ماوەیەی رێژەی نەوت لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکرێت ئەو گرفتە داراییە چارەسەر بکەین و کەلێنەکان پڕبکەینەوە. بە رای ئێمە تا ئێستاش باش هاتووە، خۆشبەختانە خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترن کە بە فیتی خەڵکانی تر بجووڵێنەوە، خۆیان بە خاوەنی ئەم دەسکەوتانەی کوردستان دەزانن ئەگەرچی موعاناتیشیان بۆ دروست بووە، وەزارەتی دارایی پلانێکی تۆکمەی داناوەو مووچەی مانگی پێنجیش دەستی پێکردووە و بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکیشدا مانگی شەشیش بدات، ئەو نەوتەی هەناردە کراوە هەر بەردەوام دەبێت و رۆژ بە رۆژیش رێژەی هەناردەکردن زیاتر دەکەین، چونکە کۆمپانیاکانی کە لێرە ئیش دەکەن وزەی بەرهەمهێنانیان زیاتر دەبێت، ئەو بڕەی کە ئێستا دێتە دەست لەوانەیە هەموو پێداویستیەکان دەسەبەر نەکات، بەڵام تا کۆتایی ئەمساڵ رێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم دەگاتە ئەو ئاستەی ئەو لە ١٧٪ی کە لە بەغداوە تەرخان کرابوو بۆ هەرێم بە زیادەوەش پڕی بکاتەوە.

**گوڵان:** لەم قۆناخەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاندووە کە رۆژانە ١٠٠- ١٢٥ هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشێت، ئایا بۆ ئێستا تا چەند داهاتی ئەم نەوتە پێداویستیەکانی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان پڕدەکاتەوە و میکانیزمی گەڕانەوەی ئەو پارەیە راستەوخۆ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟

**سەفین دزەیی:** ئەو رێژەیەی کە ئێستا بەرهەمدەهێنرێت، دەتوانرێت نیوەی بۆ دەرەوە هەناردە بکرێت و نیوەکەی تری بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ دابین دەکرێت، چونکە دەبوایە بەغدا ١٧٪ سووتەمەنی بۆ هەرێم بنێرێت، بەڵام ئەو رێژەیە کە دەینێرێت ٥٪ی ئەو رێژەیەش نییە لە بەنزین و نەوت و گازوایل و غاز و ئەمانە کە ئێستا دەبێت خۆمان دابینی بکەین لەو بەرهەمە خۆماڵیەی هەرێمی کوردستان، جاران ئەو رێژەیە بە تانکەر رەوانەی دەرەوە دەکرا بۆ گۆڕینەوە لەگەڵ تورکیاو ئێران و ئازەربایجان لە بەرانبەر ئەوەی بەنزین و نەوتی سافیان لێ وەربگرین، بەڵام ئێستا کە بەرهەمهێنانی ناو پاڵاوگەکان بەرز بۆتەوە زیاتر بۆ ناوخۆی هەرێم ئامادە دەکرێت و ئەو بەرهەمەی نەوت دەکرێت نیوەی هەناردە بکەین و نیوەکەی تریشی بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ناوخۆیە.

هەناردەکردنی وەجبەی یەکەم لە ماوەی دوو مانگدا کە دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیل نەوتە، بە رێگای بۆریە تازەکە رەوانەی بەندەری جیهان کرابوو، لەوێ لە ئەمبارەکان هەڵگیرابوون و یەك بەرمیلی لێ نەفرۆشرابوو، چونکە ئێمە بە ئومێدی ئەوەوە بووین لەگەڵ بەغدا بە دانوستاندنەکان بگەینە چارەسەرێك، بەڵام بە داخەوە بەغدا هەر مکوڕ بوو لەسەر نەناردنی مووچە بۆیە حکومەتی هەرێم ناچار بوو هەنگاو بنێت و ئەو نەوتەی لەوێ ئەمبار کراوە بیفرۆشێت، ئەگەر دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار بەرمیل بەپێی نرخی بازاڕ بفرۆشرێت، نیوەی ئەو نەوتە فرۆشراوەو نیوەکەی تریش بازاڕ و کڕیاری هەیە، کە پارەکەی دەگاتە نزیکەی دووسەد و پەنجا ملیۆن دۆلار. هەر کاتێ ئەو نەوتە لە بەندەر دەرچوو بازاڕ بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، ئەو پارەیەشی کە وەردەگیرێت بەپێی ئسوڵی بانکی تەحویل دەکرێت، لە بانکێکی تورکیا دادەنرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرس و سەرپشکە لە جووڵاندنی ئەو پارەیە تا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لەو بارەیەوە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی بە واژۆی بەڕێزیان پارەکە دەجووڵێنرێت و بە پشتگیری کۆتایی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران موسادەقەی لەسەر دەکرێت و ئەوکاتە پارەکە دەجووڵێنرێت

**پێویستە ئاماژە بە بەڵێندەران و یەکێتی بەڵێندەران بدرێت کە وەک سەربازی ونن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو پرۆژانەی حکومەت دەستنیشانی کردون و دەستی ئاوەدانکردنەوەیان دیارەو جێی تەقدیرو رێزن و سوپاسیان دەکەین کە بەرگەیان گرتووە، هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییان جێی دەستخۆشی و شانازییە**

**ئەو بڕە نەوتەی کە لەم دواییانەدا لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە، جاران نە لە حیساباتی عێراق و نە لە حیساباتی کەناڵەکانی وزەی جیهانیدا نەبوو کە بریتییە لە چل و پێنج ملیار بەرمیل یەدەگ، ئەمە بوار و بازاڕێکی نوێیەو هاوکێشەکانی گۆڕیوەو وایکردووە کوردستان لەسەر نەخشەی جیهانی پێگەی خۆی ببینێتەوە**

بۆ هەرێمی کوردستان.

**گوڵان:** بەپێی لێدوانەکانی بەرێز ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســتان، فرۆشــتنی نەوتی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکە لەگەڵ حکومەتی تورکیا، ئەو ڕێککەوتنەش بۆ ماوەی ٥٠ ســاڵەو کراوەشە بۆ ئەوەی درێــژ بکرێتەوە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردســتان بە ئاگاداری بەغداوە ئەم ڕێککەوتنەی کردووە، یان ئەمەیش لە چوارچێوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی خۆیەتی؟

**سەفین دزەیی:** مەسەلەی ماوەی پەنجا ساڵ و دە ساڵ و ئەمانە وەك ماوەی زەمەنی گرنگ نییە هێندەی شتێکی تر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە ڕێککەوتنەکە کە ماوەی دوو ساڵە کراوە و دانوستاندن و تێگەیشتنێکی تێرو تەسەل لە نێوان حکومەتی هەرێم و ئەنقەرە هەبووە، بە مەبەســتی ئەوەی کە لەسەر بنەمای ماددەی دەستووری ئەو بۆرییە رابکێشــرێت بۆ ئەمەش راڤەی مادده دەستوورییەکانی ئــەوان و ئەو ماددەی دەســتوورییەی عێراق کراوە، کەس نکۆڵی لەوە نەکرد کە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی ئەم کارە بکات و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیش چەند دانەیەکی لەبەردەســتە، لەبەرئەوە بێگومان ئەمە مافی هەرێمی کوردســتانەو هەروەهــا تورکیاش لە ناوچەکەدا دەوڵەتێکــی حیســاب بۆ کراوە لــە رووی دەوڵەت و لە رووی یاساشەوە، ئەوانیش ئەرکەکانی خۆیان بەجێهێناوەو گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەڵێ هەرێمی کوردستان بۆی هەیە نەوت دەربهێنێت و بیشیفرۆشێت و لەو بارەیەوە ئــەو ئاســانکارییانەی کە کردیان خرایــە چوارچێوەی پرۆتۆکۆڵێکی درێژخایەنەوەو لەو بارەیەوە تورکیا بەشێکی زۆری نەوتی خۆی لە وڵاتانی دراوسێی تر وەردەگرێت و تێچوونی دابین کردنیشی زۆرە، گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە هەرێمی کوردســتان وزەی ناوخــودی تورکیا دابین بکات، چ لە رووی غازی سروشتی چ لە رووی نەوتەوە لەبەرئەوە بەپێی ئەو پێوەرە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیــا بە پێی پرۆتۆکۆڵێك هەردوولا پابەند بوون بەو ڕێککەوتنەو بەردەوامیش دەبن.

**گوڵان:** بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و تورکیا، تورکیا تەنیا ڕێگەی داوە نەوتەکە بفرۆشرێت، بەڵام میکانیزمی فرۆشتنەکە بەدەستی حکومەتی هەرێمە، ئایا میکانیزمی فرۆشــتنی نەوتەکە چۆنە، ئایا چەند کۆمپانیا تا ئێستا گرێبەستیان لەگەڵ کردوون بۆ فرۆشتنی نەوتەکە؟

**ســەفین دزەیــی:** وەك ئاماژەم پێدا نــەوت کاڵایەکە و بازەرەکانی جیهانی پێویســتیان پێیەتی، ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوە لە یابان و چینەوە تا دەگاتە وڵاتانی ئەمریکای باشوور و هەموو وڵاتانی ئەورووپیش پێویستیان بە وزە هەیە تا دنیاش بەرەو پێشچوونێکی خێرا بچێت پێویستی وزە لە پێشەوەی پێویستیەکان دەبێت، هەروەها ئەو برە نەوتەی کە لەم دواییانەدا لە هەرێمی کوردستان دۆزراوەتەوە، جاران نە لە حیساباتی عێراق و نە لە حیساباتی کەناڵەکانی وزەی جیهانیــدا نەبوو کە بریتییە لە چل و پێنج ملیار بەرمیل یەدەگ، ئەمە بوار و بازاڕێکی نوێیەو هاوکێشــەکانی گۆڕیوەو وایکردووە کوردســتان لەسەر نەخشەی جیهانی پێگەی خۆی ببینێتەوە، بۆیە هیچ کام لەو دەنگۆو قسەو قسەڵۆکانەی کە دەوترێت نەوتی کوردستان هەرزان فرۆش کراوە شــتی وا لە ئارادا نییەو هەموو کەس دەزانێت کە دنیا ئامادەیە بەپێی پێوەر و نرخی جیهانی نەوت بکرێت و هەموو کەســێك دەتوانێت گرێبەست بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات.

**گوڵان:** ســەرۆکی تورکیا عەبدوڵلا گــول لە ئەمریکا راشــکاوانە رایگەیاند کە فرۆشتنی نەوتی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە، بۆیە تورکیا پشتگیری دەکات، بــەڵام ئەمریکا دەڵێت پشــتگیری ناکەین، ئایا پشــتگیری کردن یان نەکردنی ئەمریکا لەم پرســە چی دەگۆڕێت، ئەگەر دەســتووری عێراق ئەو دەسەڵاتەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دابێت؟ لەمەش زیاتر ئایا پەیامی راشکاوانەی ئەمریکا لە پشت ئەم قسانەوەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟

**سەفین دزەیی:** پێویســتە تەماشای دۆخەکە وەك خۆی بکەین، لە کاتــی دەرچوونی ئەمریکا لــە عێراق، ئەو وڵاتە پێگەو ســەنگی خۆی لە عێراقدا لە دەســت دا، بەپێی بڕیارەکانی نێودەوڵەتــی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەمریکا ئەو هێزەی بەســەر عێراقدا نەماوە، لە ئێستادا ئەمریکا مەبەستێتی عێراق پێگەو هەیبەتی خۆی لەناو کۆمەڵگــەی نێودەوڵەتی بۆ بگەڕێتەوەو لە هەمان کاتدا ڕێککەوتننامەیەك لە نێوان هەولێر و بەغداش هەبێت، لە دانیشتنەکانیشیان لەگەڵ ســەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنــی وەزیران هەمیشــە جەختیان لەســەر ئەوە کردۆتەوە، کە پاڵپشتی لەو ڕێککەوتننامەیە دەکەن و مافی هەرێمی کوردســتان بەپێی بڕگە دەستوورییەکان پارێزراو بێت، هــاوکات حکومەتی فیدراڵی رۆڵی بەرچاوی لەو پرۆسەیەدا هەبێت. بۆیە ئەوەی وتوویانە پشتگیری ناکەین تەنیا وەڵامدانەوەی پرسیارێکی کەناڵێکی راگەیاندن بووە، بەڵام رای ئاشــکراو راگەیاندراوی فەرمییان نەداوەتەوە ئەگینا ئەوان پشــتگیری دەکەن لە هەناردەکردنی نەوت لەلایــەن هەرێمەوە، بەڵام بەپێــی میکانیزمێك لە نێوان بەغداو هەولێردا بێت، کاتێك کە بەغدا پێشێلکاری یاساو دەستوور دەکات لە بەرانبەر مافی هەرێمی کوردستان ئێمە چاوەڕێی ئەوەشمان دەکردو هەرچەندە کراویشە رەنگە بە زەقتر ئەمریکا فشار بۆ بەغدا بهێنن کە مووچەو بودجە بڕین هیچ کاتێك بەشێك نەبووە لەو گفتوگۆیانەی نێوان هەولێر و بەغدا لەســەر هەناردەکردنی نەوت دوو شــتی

**ئێمە هەڵوێستی ئەمریکا بە هەڵوێستێکی نەرێنی نابینین، وەک هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی هەر دەبێت میانڕەوانەو بێلایەنانە ئەوە بکات، بەڵام هیوادارین پێداگیری لەسەر پێشێلنەکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان بکات**

**دیارە دیرۆک خۆی دووپات دەکاتەوەو سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت و لەوانەیە گۆڕانکاری سیاسی گەورەو جیۆگرافی لە ناوچەکە ڕوویدات، بۆیە خەڵکی کوردستان پێویستە بە هەموو هێزە سیاسییەکانیەوە ئامادەو یەکڕەنگ و یەکدەنگ بن بۆ هاتنە پێشەوەی هەر ئەگەرێک و گۆڕانکارییەکی تازە لە ناوچەکە**

**ئەو دەسپێشخەرییەی ئەم دواییەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گفتوگۆکردنی زیاتر لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنە پێوەندیدارەکان ئاکامێکی باشی لێکەوتەوە**

**جاران خەڵکانێک هەبوون بێ ئەوەی واقیعی بابەتەکان بزانن گوللەیان بە تاریکیەوە دەنا، بەڵام ئێستا لەلایەن خودی سەرۆکی وەزیران و ڕاوێژکاری یاسایی و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی هەموو ڕاستیەکان خرانە بەرچاوی هەمووان و زۆری لەو تەمومژییانەی پێشتر دروست کرابوون لەلایەن خەڵکانێکەوە ڕەوێنرانەوە**

لێکتر جیاوازن، ئەوەی ئێمە ئاگادارین جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ مەسەلەی مووچە بڕینەکە دووجار بە تیلیفۆن قسەی لەگەڵ مالیکی کردووە، داوای لێکردووە پێداچوونەوە بە بڕیاری بڕینی مووچە بکات، دیارە ئەویش بەڵێنی پێدابوو کە دۆخەکە چارەسەر بکات، بەڵام نەیکرد. بۆیە ئێمە هەڵوێستی ئەمریکا بە هەڵوێستێکی نەرێنی نابینین، وەك هێزێکی گەورەی نێودەوڵەتی هەر دەبێت میانڕەوانەو بێلایەنانە ئەوە بکات، بەڵام هیوادارین پێداگیری لەسەر پێشێلنەکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان بکات..

**گوڵان:** لەم کاتەدا کە لەماوەی یەك دوو هەفتەی داهاتوو کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێدەدرێت، شتێکی دڵخۆشکەرە کە دەبینین هەموو کوتلەکانی ناو پەرلەمان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان، هاو دەنگ و هاوهەڵوێستن لەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئایا تاچەند ئەم یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیە دەبێتە سەرەتایەکی کۆنکرێتی بۆ کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

**سەفین دزەیی:** هەوڵدان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر بنەمای تەوافوقی و هاوڕیزی نیشتمانیە، ڕاستە هەندێك دواکەوت، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە ناوچەکەدا تێپەڕدەبێت، دەرفەتێکی زێڕین بۆ خەڵکی کوردستان هاتۆتە پێش، کە سوود لەو گۆڕانکارییە هەرێمایەتیانە وەربگرێت و دیارە دیرۆك خۆی دووپات دەکاتەوەو سەد ساڵ بەسەر ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ تێدەپەڕێت و لەوانەیە گۆڕانکاری سیاسی گەورەو جیۆگرافی لە ناوچەکە ڕووبدات، بۆیە خەڵکی کوردستان پێویستە بە هەموو هێزە سیاسییەکانیەوە ئامادەو یەکڕەنگ و یەکدەنگ بن بۆ هاتنەپێشەوەی هەر ئەگەرێك و گۆڕانکارییەکی تازە لە ناوچەکە لەبەر ئەوە ئەمە پێویستی بە کۆدەنگیەکی نیشتمانی هەیە، لە هەموو ڕووەکانی کارگێڕێتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە لەبەرئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبی براوەی هەڵبژاردن بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی تەکلیف کرابوو بە پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێم، تا هەوڵ بدات لەگەڵ لایەنەکانی تر دانوستاندن بکات تا هەمووان ڕازی بکات و کۆدەنگیەکی نیشتمانی لە حکومەتەکەدا دروست بکات، لەو پرۆسەیەدا پێشکەوتنی باش بەدەست هاتووەو گەیشتووینەتە ئەنجامێکی باش و هەموو لایەنەکان کۆکین لەسەر ئەوەی بەرژەوەندی گشتی کوردستان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانەوەیە، هەمووشیان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە حکومەتی هەرێم ناچار بووە ئەو هەنگاوە بنێت بە هەناردەکردنی نەوت و ئەمەش بەپێی میکانیزمێکی گونجاو و شەفاف و داهاتەکەشی بۆ خەڵکی کوردستان بەکاربهێنرێت، ئەو دەسپێشخەرییەی ئەم دواییەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ گفتوگۆکردنی زیاتر لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنە پێوەندیدارەکان ئاکامێکی باشی لێکەوتەوە بەهۆیەوە شرۆڤەو شیکردنەوەی باشتر لەسەر مەسەلەکان دران، جاران خەڵکانێك هەبوون بێ ئەوەی واقیعی بابەتەکان بزانن گوللەیان بە تاریکیەوە دەنا، بەڵام ئێستا لەلایەن خودی سەرۆکی وەزیران و ڕاوێژکاری یاسایی و وەزیری سامانە سروشتیەکان و وەزیری دارایی هەموو ڕاستیەکان خرانە بەرچاوی هەمووان و زۆری لەو تەمومژییانەی پێشتر دروست کرابوون لەلایەن خەڵکانێکەوە ڕەوێنرانەوەو ئەمەش جێی دڵخۆشییەو دەسپێکێکی باشە بۆ قۆناغێکی تازەی کارکردنی پێکەوەیی.

**گوڵان:** پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنیا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتێك نەبوو، بەڵکو بووە پرۆسەیەکی نیشتمانی بۆ یەکخستنی هەڵوێست و یەکڕیزی نێو ماڵی کورد، هەربۆیە یەکێك لە دەسکەوتە گرنگەکانی دیکەی ئەو پرۆسەیە، ئەو لیژنە کوردستانیە هاوبەشەیە کە بۆ دانوستاندن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق دەچنە بەغدا، تاچەند ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەری کێشەکان لەگەڵ بەغدا و ڕێکخستنەوەی پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بە تایبەتی لە بواری نەوت و بودجە؟

**سەفین دزەیی:** پێکهێنانی کابینەی هەشتەم بە تەنیا پێکهێنانی ئیدارەیەك نییە، بەڵکو دروستکردنی کۆدەنگیەکی نیشتمانییە، سەبارەت بە یەکڕیزی نیشتمانی بەپێی ئەو لیژنانەی دانراون بە سەرپەرشتی و بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم کە دەنگ و ڕەنگی دانوستانەکانی داهاتوو بن لە بەغدا بۆ پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی تەکلیف کراون، دوێنێ کۆبوونەوەی یەکەمیان ئەنجامداوەو ئەو ماددەو بابەتە سەرەکیانەی پێوەندییان بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە چ لە ڕووی یاساکانی پابەند بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و ماددەی ١٤٠ و پرسی پێشمەرگەو نەوت و وزەو داهات و هەروەها چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی بە شەراکەتی ڕاستەقینە، هەروەها دەستووری عێراقی کە کاتی خۆی وا داڕێژرایەوە کە کورد دووەم نەتەوەی سەرەکی عێراقەو زمانی کوردی زمانێکی فەرمیەو هەموو ئەو ماددە دەستووریانەی تر کە زۆریان جێبەجێ نەکراون تا ئێستا هەمووی ئەکتیڤ بکرێنەوە، بەر لەوەی بچینە ناو پێکهێنانی حکومەتی



داهاتوو پێویستە لەسەر شێوازی جێبەجێکردن ڕێککەوتن هەبێ لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە حکومەتی داهاتووی عێراق پێکدەهێنن، جەخت بکرێتەوە کە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە قۆناغێك پێویستی بە هەنگاوی کردارەکییە، نەك تەنیا ڕێککەوتنی دوولایەنەی نێوان حزبەکان، بۆیە ئەو لیژنەیە کارەکانی گرنگن و ئەرکی زۆریان لە ئەستۆیە، هیوادارین کە ئەو کۆدەنگی و یەکڕیزییەی لە هەرێم هەیە بە هەمان شێوە بێت لە بەغدا داکۆکی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەن.

**گوڵان:** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەروەها سەبارەت بە پرۆژەی پارێزگاکانی هەرێمە کە لەسەر بودجەی پەرەپێدان بەڕێوە دەچێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش لە بەغداوە بۆ هەولێر و سلێمانی و دهۆك بڕدراوە؟

**سەفین دزەیی:** حاڵی حازر نزیکەی ٢٩٠٠ پرۆژە بەردەوامییان هەیە کە زۆربەیان پێش چەند ساڵێك لەمەوبەر دەستیان پێکردووەو نزیکن بە قۆناغی کۆتایی، هەشیانە چەندین ساڵی بۆ دانراوە تا تەواو دەبێت، پرۆژەی تازە رانەگەیەنراوەو ناشکرێت، چونکە تا ئێستا بودجە لە پەرلەمان موسادەقە نەکراوە، ئەوانەی بەردەوام کاری تێدا دەکرێت هی ساڵانی پێشوون، پرۆژەکان گەورەن و کۆمپانیای بیانی بەپێی بودجەو توانای خۆیان هەڵدەسوورێن و کاریان رانەگرتووە، بەڵام حکومەت قەرزاریانە و ئەوانە خۆیان راگرتووەو سوپاسیان دەکەین، هەندێك کۆمپانیای خۆماڵیش بە هەمان شێوە، توانای ماددی خۆیان هەیە، بەڵام ڕەنگە هەندێکیان ئەو توانایەیان نەبێت و دوچاری قەرزو کێشە هاتوون، حکومەتی هەرێم دیراسەتی چەندین پێشنیازی بەڵێندەران دەکات بۆ ئەوەی کە هاوکاریان بین و بەشێك لە موعاناتیان چارەسەر بکەین، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت و هەوڵێکی جددیش دەدرێت بەو داهاتەی ناوخۆ یان بە قەرز بێت تا بتوانین بەشێك لەوە تەرخان بکەین بۆ پێدانی پرۆژەکان، بە راستی پێویستە ئاماژە بە بەڵێندەران و یەکێتی بەڵێندەران بدرێت کە وەك سەربازی ونن بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو پرۆژانەی حکومەت دەستنیشانی کردون و دەستی ئاوەدانکردنەوەیان دیارەو جێی تەقدیرو ڕێزن و سوپاسیان دەکەین کە بەرگەیان گرتووە، لەو ڕۆژانەدا دانیشتین لەگەڵیان و بۆچوون و داواکارییەکانیان بەجێ بوون، هەڵوێستی نیشتمانپەروەرییان جێی دەستخۆشی و شانازییە، هەوڵ دەدەین لە موعاناتیان کەم بکەینەوە و ئەوانیش بەشی هەرە زۆریان پرۆژەکانیان رانەگرتووە، نامانەوێ پرۆژەی خزمەتگوزاری پەکی بکەوێت و بۆیە جێگەی دەستخۆشین و شانازییان پێوە دەکەین.

**تا کۆتایی ئەمساڵ ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم دەگاتە ئەو ئاستەی ئەو لە ١٧٪ی کە لە بەغداوە تەرخان کرابوو بۆ هەرێم بە زیادەوەش پڕی بکاتەوە**

پرۆفیسۆر ریچارد کاپلان
لە زانکۆی ئۆکسفۆردی
بەریتانی بۆ گوڵان:

# بارودۆخی ئێستای عێراق بۆتە كێشە بۆ ئەمریكاو ئاستەنگی گەورەی لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ دروستكردووە



**پرۆفیسۆر ریچارد کاپلان ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەزانکۆی ئۆکسفۆرد لە بەریتانیا و تایبەتمەندە لەسەر رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی تەنگژەکان، هەروەها ئێستاش سەرقاڵی توێژینەوەیەکە لەسەر بونیادنانەوەی دەوڵەت و بونیادی ئاشتی لەوڵاتانی دوای تەنگژە، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق بە تایبەتی و رۆژهەڵاتی ناوەراست بە گشتی و ئاراستەی گۆڕانکارییەکان و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیسۆر کاپلان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ئەوەی هەست دەکرێت زیاتر لەساڵێکە سیاسەتی دەرەوی ئەمریکا کاریگەری لەدەست داوە و دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی بڵێین کە توانای نییە کێشەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چارەسەر بکات، بە تایبەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەپێی بیر و بۆچوونی ئێوە، ئایا هاوڕان لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە دەڵێت سەردەمی هەژموون و باڵادەستی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەسەرچووە و ئێستا بە چەشنی ئەمریکا کاراکتەری دیکە هەن کە ئەم رۆڵە لەم ناوچەیەدا دەبینن؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە ئەمریکا باڵادەست نەبووە بەسەر هەندێ بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. من دەڵێم ئەمریکا کاراکتەرێکی بەهێز و دەستڕۆیشتووی دەرەکی بووە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام رەنگە ئەمە زیاتر رەنگدانەوەی سەختی و دژواری تەحەددیەکان بووبێت نەك پێوەندی بە لاوازی خودی ئەمریکاوە هەبێت. ناکۆکی فەلەستین و ئیسرائیل، کێشەیەکە کە نەتوانراوە چارەسەر بکرێت، لەلایەن هیچ ئیدارەیەکی ئەمریکیەوە- هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە لە ساڵی ١٩٤٨ـەوە، و ئێستاش جیاوازیەك بەدی ناکرێت بە بەراورد بە رابردوو. ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا لە ئارادایە، مایەی تەحەددیە بۆ ئەمریکا، بە دڵنیاییەوە ئەمریکاش بەشێکی بەرپرسیارێتی ئەم بارودۆخەی دەکەوێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی ئەوە خودی بڕیاردەرانی ئەمریکا بوون کە بڕیاری داگیرکاریان دا لە ساڵی ٢٠٠٣. بەڵام لەبەر ئەوەی پلانێکی کارای نەبوو بۆ هەل و مەرجی دوای رژێمەکەی سەددام حوسێن، ئەوا ئەمە بووە هۆکارێك بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی کێشە بۆ ئەمریکا، بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەمریکا پلانی باشیشی هەبوایە، ئەوا پێموایە هەر رووبەڕووی تەحەددی زۆر سەخت دەبۆوە لە عێراقدا. بە هەمان شێوە بارودۆخی سوریاش بە چەشنێك زەحمەتە کە ناتوانین دەستنیشانی رێگایەکی کارای دەستێوەردان بکەین لەو شەڕ و ناکۆکیەدا. کەواتە لەسەرتاسەری ناوچەکەدا پێموایە کێشەکە زیاتر پێوەندی بە دژواری و زەحمەتی کێشەکانەوە هەیە، پتر لەوەی پێوەندی بە لاوازی ئەمریکاوە هەبێت.

*** ئەگەر لە رابردوو بڕوانین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەمریکا نەیتوانیبێت لەڕێی کۆکردنەوەی دەنگی زۆرینە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کێشەکان چارەسەر بکات، ئەوا هەوڵیدا لەڕێی ناتۆوە چارەسەرێك بدۆزێتەوە، بە چەشنی ئەوەی ناتۆ هێرشی کردە سەر لیبیا و رژێمەکەی موعەممەر قەزافیان رووخاند، بەڵام هەست**

**دەکەین کە دوای ساڵی ٢٠١١، ئەمریکا توانای نەماوە و تەنانەت ئەندامانی ناتۆش بە چەشنی رابردوو لەگەڵ ئەمریکادا نین. ئایا پێتوایە هۆکاری پشـت ئەم دۆخە لاوازی ئەمریکایە، یاخود ئەو جیاوازیانەیە کە لە نێوان ئەندامانی ناتۆدا هەیە؟**

- ئـەو یەکڕیزییەی لەنێـو ئەندامانـی ئەنجومەنی ئاسایشـدا، لەسـەرەتادا، بینیمان بۆ پشتیوانی کردنی وەرگرتنی هەڵوێسـت دژ بە لیبیا، خاو بوونەوە، ئەویش بۆ هەڵوێستی روسـیا و چین دەگەڕێتەوە بە تایبەتی، چونکـە ئـەوان تێڕوانینیان وایە کە ئـەو کارانەی بە بیانوی پاراسـتنی کەسـە مەدەنیەکانەوە و بەرگری کردن لە کەسـە مەدەنیەکانـەوە دەکرێت، دەگۆڕێت بۆ ئەنجامدانی کارێك لـە دژی رژێمەکە و بۆ گۆڕینی رژێمەکـە. لەبەر ئەوە، لە دەرئەنجامدا روسـیا و چین دژی دەسـتێوەردانی نێودەوڵەتی بوون لە سوریا، لێرەدا مـن دەڵێـم ئەمریکا دەسـت و پێی بەسـترا بەهۆی ئـەوەی کە لە عێراقدا ئەنجامـی دا، هەروەها بەهۆی ئەو دژواریانەی لە لیبیـادا بەدی دەکرێن. کە ئەویش بەهۆی شکستهێنانیان بووە لە دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی و ئاشتیانە لە دوای رژێمەکەی قەزافیەوە. بە دڵنیاییەوە، دژوارییەکی دیکە بریتییە لە بارودۆخی سـوریا، کە نەتوانراوە رێوشـوێنی کاریگەر لە ئاست سـوریادا بگیرێتەبەر. هەوڵە دیپلۆماتیەکان سەرکەوتوو نەبوون، هەوڵە مرۆییەکانیش شکسـتیان هێنا. هەروەها کۆدەنگیەکیـش لە ئارادا نییە لەبـارەی بەکارهێنانی هێزەوە. بەڵام ناکرێت هۆکاری ئەم دژواری و سەختیانە بگەڕێنینـەوە بۆ بوونی جیـاوازی لە نێوان ئەندامانی ناتۆدا: چونکە لە پێوەندیدا بە مەسەلەی سوریاوە، من هیچ بەڵگەیەکی دابەش بوون لە نێو هاوپەیمانەکانی نێو ناتۆدا بەدی ناکەم.

*** دوای روودانـی گۆڕانکاریـەکان لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کشـانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئێسـتا ئەوە بەدی دەکەین کە سیاسەتە پیادەکراوەکانی ئەمریکا یەك ناگرێتەوە لەگەڵ سیاسەتی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، بۆ نموونە عەرەبستانی سعودیە، تورکیا و ئیسـرائیل هەمان بیروبۆچوونی ئەمریکایان نییە لە بەرامبەر پرس و کێشـەکاندا، ئەمە لـە کاتێکدا ئەوان هاوپەیمانـی ئەمریکان لەم ناوچەیەدا. هەر بۆ نموونە، عەرەبستانی سعودیە هەڵوێستێکی جیاوازی گرتەبەر و دەستێوەردانی سەربازی کرد لە شۆڕشەکانی بەحرێندا، هەروەها تورکیا و ئیسـرائیل تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە ئاسـت سوریادا. دەمانەوێت پرسـیاری ئەوە بکەین ئایا کە سیاسـەتەکانی ئەمریکا چوونیەك نەبن لەگەڵ سیاسـەتەکانی هاوپەیمانەکانیدا، ئایا ئەمە بە مانای چی دێت؟**

- من پێموانیە جیاوازیەکان ئەوەندە جددی و مەترسیدار بن کە ئاکامیان هەبێت لەسـەر پێوەندیەکانی ئەمریکا بەسەر ئەو وڵاتانەی ئێوە ئاماژەتان پێکردن، چونکە ئەم وڵاتانە پشـتیوانی ئەمریکا دەنرخێنن. با نموونەیەکی دیکەت بدەمێ، لەسەر پرسی ئێران، ئەمریکا و ئیسرائیل رای جیاوازیـان هەبوو، ئەمریکا و ئیـدارەی ئۆباما ئامـادەن رێگاچارەی زیاتری دیپلۆماسـی بگرنەبەر بۆ چارەسـەرکردنی قەیرانەکە، لە کاتێکدا ئیسـرائیل پتر نیگەران بووە لە ئاسـت ئێرانـدا و کەمتر ئامادەی ئەوەی هەبـووە متمانە بە ئێران بـکات، بەڵام هەموو ئەو جیاوازیانە لەسەر حسـابی پێوەندیەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا نەبووە. هەروەها لەلایەکی دیکەوە، جیاوازی هەبووە لەگەڵ تورکیا و عەرەبسـتانی سعودیە، بەڵام پێموایە لە بنەڕەتدا پێوەندیەکان دروسـتن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو وڵاتانە پشتیوانی ئەمریکا دەنرخێنن.

*** سەبارەت بە سیاسـەتی ئەمریکا لە ئاست عێراقدا، ئەوا دەبینین ئەوەی جێی سەرسـوڕمانە کە نە ئەردەن و نە عەرەبسـتانی سعودیە و نە تورکیا هەمان سیاسەتی ئەمریکایان نییە لە ئاست عێراقدا. ئەوەی دەبینرێت پتر دەستڕۆیشتوویی ئێرانە لەناو عێراقدا. بەپێی تێڕوانینی ئێوە، هۆکاری پشت ئەم ئاڵۆزیە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- هۆکارەکە بریتی بووە لەوەی کە زۆر سـەخت و دژوار بووە بەرهەڵستی و بەرەنگاری دەستڕۆشتوویی و نفوزی ئێران بکرێت لە ناوچەکەدا، ئەمە کێشەکە بووە لە دوای هەرەسـهێنان و رووخانی رژێمەکەی سەددام حوسێنەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، بەڵام هەرچۆنێك بێت، من پێموانییە ئەمەش بووبێتە هۆی دروستبوونی جیاوازیەکی گەورە لەگەڵ ئەمریکادا. بەڵکو رەنگە رەنگدانەوەی ئەو ئومێد و هیوایە هەبێت کە بارودۆخی عێراق جیاوازتر بێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە من باوەڕموایە کە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری ئێران لـە ناوچەکەدا یەکێك بوو لە ئاکام و دەرئەنجامەکانی ئەو داگیرکاریەی ئەمریکا لە سـاڵی ٢٠٠٣دا ئەنجامـی دا، چونکە ئەمە دۆخێکی خوڵقاند کە بە شـێوەیەکی حەتمی ئێران لە پێگەیەکدا بێت کە بتوانێت رۆڵێکی گرنگتر ببینێت لە عێراقدا.

*** هەندێ لە ناوەندەکانی توێژینەوەی سیاسی بەم دواییە ئاماژەیان بەوە کرد کە سەردەمی نەخشەی رێککەوتنی سایکس-پیکۆ بەسـەرچووە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی ئەسـڵی کێشـەکانی ناوچەکە، کێشەی تایەفەگـەری و ئیتنی لە سەرتاسـەری ناوچەکە- - دەگەڕێتەوە بـۆ رێککەوتنی سـایکس-پیکۆ، حاڵی**

**بارودۆخی سوریا بە چەشنێک زەحمەتە کە ناتوانین دەستنیشانی رێگایەکی کارای دەستێوەردان بکەین لەو شەڕ و ناکۆکیەدا. کەواتە لەسەرتاسەری ناوچەکەدا پێموایە کێشەکە زیاتر پێوەندی بە دژواری و زەحمەتی کێشەکانەوە هەیە، پتر لەوەی پێوەندی بە لاوازی ئەمریکاوە هەبێت**

**ئەمریکا دەست و پێی بەسترا بەهۆی ئەوەی کە لە عێراقدا ئەنجامی دا، هەروەها بەهۆی ئەو دژواریانەی لە لیبیادا بەدی دەکرێن. کە ئەویش بەهۆی شکستهێنانیان بووە لە دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی و ئاشتیانە لە دوای رژێمەکەی قەزافیەوە**



**حازر سەرتاپای جیهان نە بیر لە عێراق و نە بیر لە سوریا دەکەنەوە وەك وڵاتێکی یەکگرتوو، بەڵام ئەمریکا پێداگیری دەکات لەسەر ڕێگەگرتن لە دابەشبوونی وڵاتان. ئایا هاوڕا نیت لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵوێستی ئەمریکا سەر دەکێشێت بۆ شەڕێکی تایەفەگەری خوێناوی کە لە کۆتاییدا سەردەکێشێت بۆ هەرەسهێنانی وڵاتەکە؟**

- دابەشبوونی عێراق، شتێك یان سەرەنجامێکی حەتمی نییە، بەڵام ئەم ئەگەرە لە ئارادایە. هەروەها ئەمە ئەگەر لەو وڵاتانەدا لە ئارادا بووە کە دابەش بوونی ئیتنی هەبووە یان دابەش بوون هەبووە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکاندا. هەروەها ئەو حاڵەتانە بەدی کراوە کە لە کاتی بوونی خۆبەڕێوەبەریەکی (ئۆتۆنۆمی) باڵادا، ئۆتۆنۆمی لەسەر ئاستی جوگرافیا-، ئەوا پێکهاتەکان توانیویانە کەم تا زۆر پێکەوە بژین لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا، بەڵام لە سایەی سیستمێکی فیدراڵیدا کە مەرکەزیەکی کەمی هەبێت، کەواتە پێش عێراقیش پێشینە هەبووە لەم رووەوە، ئەوەش راستە کە ئەم جیاوازی و ناکۆکیانە، یاخود ئەو بارگرژیانە ناکەونە بەر سەرنجی نێودەوڵەتی تاوەکو نەتەقنەوە و نەبنە ناکۆکیەکی توندوتیژ. ئەمە حاڵەتەکە بووە لە کوردستاندا، چونکە هۆکاری ئەوەی بۆ رۆژگارێکی دوورودرێژ کێشەی کورد کێشەیەکی فەرامۆش کراوە و پشتگوێخراو بوو، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی زۆر کارا و کاریگەر خەونی کوردەکان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس سەرکوتکرا، ئەمەش وایکرد کێشەی کورد نەکەوێتە نێو ئەجێندای نێودەوڵەتیەوە، بەڵام ئایا کێشەیەك یان کێشەیەکی نەتەوەیی سەردەکێشێت بۆ لەبەریەکهەڵوەشان، یان دابەش بوونی وڵاتێك، ئەوا، هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمە شتێکی حەتمی نییە، و بە راستی دەوەستێتەسەر چۆن ئەم گرژیانە ئیدارە دەکرێن و ئایا دەکرێت لە چوارچێوەی ئەم سنورانەی ئێستای دەوڵەتدا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

*** جاڕدانی سەربەخۆیی پێویستی بە بەرنامە و پلان هەیە، بۆ نموونە پێویستی بە سەربەخۆبوونی ئابووری هەیە، ئایا فرۆشتنی نەوتی کوردستان لەڕێی تورکیاوە چۆن دەبینن، و ئایا ئەمریکا نارەحەت نییە بەم هەنگاوە؟**

- دەتوانم ئەوە بڵێم کە پێدەچێت کوردەکانی عێراق لە سایەی خۆحکومڕانیەکی باڵادا (ئۆتۆنۆمی)، لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە گەشەیان کربێت و سوودمەند بووبێتن، ئەمە ئەگەر بەراوردی بکەین بە بارودۆخی ئەوان لە پێش رووخان و کەوتنی رژێمەکەی سەددام حوسێندا، بەڵام من ناتوام ئەوە یەکلا بکەمەوە کە ئەوان تا چ رادەیەك لەم تەرتیباتە رازین. دەتوانم بڵێم لە روانگەیەکی نێودەوڵەتیەوە پشتیوانیەکی کەم هەیە، ئەمە ئەگەر پشتیوانیەکی لەم جۆرە هەر هەبێت، بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان، و بە درێژایی مێژووش ئەمە حاڵەتەکە بووە.

*** ئەوە بەدی دەکرێت کە ئەمریکا نەیتوانیوە کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات لە عێراقدا، کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی، هەروەها ئێران بە رادەیەکی گەورە دەستڕۆیشتووە بەسەر سیاسەتی عێراقەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمریکا نارەحەتە بە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لەرووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت؟**

- دووبارەی دەکەمەوە کە من ئاگاداری ئەوە نیم ئایا ئەمریکا نارەحەتە بەو بارودۆخەی کە حاڵی حازر لە کوردستاندا هەیە. من پێموایە ئەمریکا خواستی ئەوەیە کە هەرێمەکە لە رووی ئابووریەوە گەشە بکات، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم من زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری سیاسەتی ئەمریکا نیم لە ئاست ناوچەکەدا لەم ساتەوەختەدا، و من تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کە من ئومێد دەکەم بە راستی گەشە بکەن و بەرەوپێش بچن لە چوارچێوەی ئەو تەرتیباتەی لە ئارادایە، ئەگەر ئەو تەرتیباتەش جێی رەزامەندی نەبن، ئەوا دەکرێت هەموار بکرێنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشتیانە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پێشوازی لەم هەوڵانە دەکات، بەڵام لێرەدا دیسان ئەو راستیە دووپات دەکەمەوە کە لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا خواستێکی بەهێز و ئاشکرا بەدی ناکرێت بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان. من گوزارشت لە بۆچوونی خۆم ناکەم، بەڵکو من ئەوە دەگوازمەوە کە پێموایە تێڕوانینی نێودەوڵەتییە.

**کێشەی کورد کێشەیەکی فەرامۆش کراوە و پشتگوێخراو بوو، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە شێوەیەکی زۆر کارا و کاریگەر خەونی کوردەکان بۆ مافی بڕیاردانی چارەنووس سەرکوتکرا، ئەمەش وایکرد کێشەی کورد نەکەوێتە نێو ئەجێندای نێودەوڵەتیەوە**







# عێراق بۆ خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی پێویستی بە ٣٨٠ ملیار دۆلارە

## هەشت ملیۆن هاووڵاتی لە عێراقدا لەخوار پلەی هەژارییەوە گوزەران بەسەر دەبەن

دوای ساڵانێکی زۆر و بەردەوام لە شەڕوشۆڕ و سەپاندنی سزای ئابووری و کێشەو ململانێ، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێــت بارودۆخی عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووەو خراپییەو گرژیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، هەر لە ســاڵی ٢٠٠٣وە ئاســتی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی ئاســایش و پەرەپێدانی ئابووری لە دابەزینداية، ئێســتا کە ســاڵی ٢٠١٤یــە هاووڵاتیانی عێراقی بە تایبەتی لە شــاری بەغدای پایتەخت، بەدەســت خراپیــی باری ئابووری و نەبوونــی دەرفەتی کار و خزمەتگوزاریە بنەڕەتییەکانەوە دەناڵێنن.

لە وڵاتێکــدا کە زیاتر لە ٣٥٪ی دانیشــتووانەکەی لە ڕەوشــێکی سەخت و بێ ســەروبەریدا ژیان دەگوزەرێنن، دەبینین بەپێی ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وا مەزندە دەکرێت کە ژمارەی دانیشــتوانی عێراق لە ساڵی ٢٠٣٠ بگاتە زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کەس کە ئەمەش فشــارێکی زۆر دەخاتە سەر هاووڵاتیان کە نەتوانن شوێنی گونجاوی نیشتەجێبوون بۆ خۆیان دابین بکەن.

((بێدەنگ دەبین و نازانین ئەمە تاکەی بەردەوام دەبێت)) ئەمە قسەی باوکی ئیسرایە کە هاووڵاتییەکی خانەنشینی دانیشــتووی بەغدایەو تەمەنی ٥٥ ساڵە، هەروەها هیلال تەحان کە شــارەزایەکی ئابووریی دانیشتوی بەغدایە بە گوڵانــی ڕاگەیاند کە بەغدا ڕووبەڕووی گەردەلوولێکی چاوەڕواننەکــراو و ســەختی بارودۆخــی کۆمەڵایەتی و ئەمنی و سیاســیی گشــتیی بۆتــەوە، ئەمە وێڕای چەقبەستنی بارودۆخی ئابووری، هاوکات سەرجەم ئیش و کاری ئازادو پرۆژە ئابوورییەکانیش وەستاون، ئەوەی کە مابێت تەنیا مووچەی فەرمانبەران و خانەنشــینانە، لە ڕاستیدا ژیان نیمچە وەستاوە.

تەحان زیاتر دەڵێت: بەغدا لەسەرجەم بوارەکانی دیکەشدا دووچــاری قەیرانێکی ســەخت و کوشــندە بۆتەوە، بە تایبەتیــش لە ڕووی ژمارەی خانووبەرە کە هەر لەوەتەی ٢٠٠٣وە بە شێوەی هەڕەمەکی دروست دەکرێن کە ڕاستەخۆ کاریگەرییان بۆ سەر جوانیی و دیمەنی پایتەخت هەبووە، ئەمە وێڕای وەســتانی هەموو ئیش و کارێك، لە سایەی ئــەو بەرزبوونەوەی ڕێژەی هــەژاری کە ئەمە خۆی لە خۆیــدا گرفت و کێشــەی زۆری کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە. ئەو زیاتر باسی لە بارودۆخەکە کردو گوتی: ژمارەیەکی زۆری گەنج و لاوان لەبەر بێکاری و هەژاری پەنایــان بۆ کارکردن لە ڕیزی گرووپە چەکدارەکان بردووە و بەشداری لە کردەوە تیرۆریستییەکان دەکەن لەبەرامبەر دەستکەوتنی پارەیەکی کەم، ئەمەش بووە هۆی ڕشتنی خوێنی ڕۆڵەکانی هــەردوو چینی مام ناوەندو خوارووی کۆمەڵگا. دیارە ئەمە خزمەتگوزارییە بەراییەکانی ژیان و شوێنی نیشتەجێبوون و خۆشــگوزەرانی لە ئاستێکی کەمیشدا بێت بۆ ئەو لاوانە دەستەبەر بکات.

تەحان ئامــاژەی بەوەکرد کە ئەوان هۆشــیارییان داوەو نیگەرانیی خۆیان ســەبارەت بە کێشەکانی لاوانی بێکار بە تایبەتیش دەرچووان خستۆتەڕوو.

بــە پێی ئامارە فەرمییەکان یەك تاکی عێراقی مانگانە کەمتر لە ٧٧،٠٠٠ دینــار خەرج دەکات، لە کاتێکدا کە ژمارەی بێکاران لە ٨ ملیۆن کەس زیاترە، دیارە کردەوەکانی توندوتیــژی و چەمکە نەریتییەکانــی کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئاسایش و لاوازیی ئەدای دامودەزگاکانی دەوڵەت کاریگەریی بۆ ســەرجەم ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەو شــارەزا ئابوورییە زیاتر ڕوونی کردەوە کە سیاسەتمەداری عێراقی بە ڕێگایەکی سیاسییانە مامەڵە لەگەڵ بودجەدا دەکات، کە هەر ئەمەیشــە بۆتە هۆی کاولکردنی وڵات، بیر لە هاووڵاتی ناکرێتەوە کە ئەگەر پێداویســتییەکانی ژیانی لەدەست دا، ڕوو لە کوێ بکات.

ئەو زیاتر باس لەوە دەکات کە ژمارەی هەژاران لە عێراق لە ٨ ملیۆن کەس زیاترە، هەرچەندە دەڵێت من بڕوام بەم ژمارەیە نییە کە پێموایە زیاترە، بەڵام ناچێتە عەقڵەوە کە ئەوەندە کەسە لەژێر هێڵی هەژاریدابن لە کاتێکدا کە وڵات دووەم یەدەگی کارو دووەم وڵاتی هەناردەکەری نەوتە لە دوای ســعودیە. ئاماژەشــی بەوە کرد کە شکستهێنانی سیاســەتی ئابووری لە عێــراق دەرئەنجامی ئەوەیە کە کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاو دانراوە.

شایانی باسە عێراق بە پێی ئامارە نافەرمییەکان کە بەر لە چەند مانگێك دەرچووە، ئاشــکرابووە کە پێویستی بە ٣٨٠ ملیار دۆلارە بۆ بنیادنانەوەی قوتابخانەو ڕێگەوبان و نەخۆشخانە، واتا هەر پارێزگایەکی عێراق پێویستی بە ٢٠ ملیار دۆلارە.

سەلاح موســەوی شارەزا لە کاروباری وزە دەڵێت: هۆی سەرەکیی پاشــکەوتن و چاك نەبوونی سیستەمی کارەبا لە عێراق گەندەڵی دارایی و کارگێڕییە، هەروەها نەزانی و تێنەگەیشتنی ئاستی تەکنیکیی بەرپرسانی وەزارەتە، هــاوکات نەبوونی سیســتەمێکی بەتوانــاو کارامەی کارگێڕی.

لــەلای خۆیــەوە محەمــەد ســەباح ئەلمەســعودی ڕاگەیاندکارو ڕۆژنامەنووس لــە بەغدای پایتەختەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: بەغدا لە ڕەوشێکی زۆر ئامادەباشی و بڵاوبوونەوەی ئەمنیی چاوەڕواننەکراودا دەژیت، ئەمە وێــڕای زیدەبوونی خاڵەکانی پشــکنین بە تایبەتیش لە ناوەڕاســتی پایتەختدا، دیارە ئەوەش لە ترسی دزەکردن و هاتنەناوەی چەکداران لە سامەڕاو ئەنبارو فەللوجەیە کە ئەو ناوچانە لە ڕەوشێکی خراپیی ئەمنیدا دەژین. ئەو زیاتر ئاماژەی بەوەدا کە جووڵەی ئابووری بە تەواوی وەستاوەو هاووڵاتیانی بەغدا تووشــی بێــزاری و نیگەرانییەکی

زۆر بوونەتەوە بەهۆی ئەو گوزەرانە سـەختەی کە هیچ ئومێدی باشبوونی لێ چاوەڕوان ناکرێت. ئەو نەیشاردەوە کە کێشـەی کۆمەڵایەتیی زۆر سەری هەڵداوە بەهۆی نەبوونی پـارەو پچڕانی بەردەوامی تـەزووی کارەبا و قەرەباڵغییەکـی زۆری خەڵك لە پایتەختدا. مەبەسـتی ئەوە بوو کە سیسـتەمێکی رێـك و پێکی پێدانی کارەبا لەئارادا نییە، تۆڕی گشتی کارەبا تەنیا دەتوانێت رۆژانە ١١ سـەعات کارەبا بۆ خەڵـك دابین بکات تەنانەت لەو کاتانەشدا کە خەڵکەکە کەمتر پێویستی بە کارەبا دەبێت، بە پێـی زانیارییەکانی وەزارەتـی کارەبا، عێراق ٨٠٠٠ میگاوات بەرهەم دێنێت لە کۆی پێویسـتی وڵات کە لە نێوان ١٣،٠٠٠ – ١٥،٠٠٠٠ میگاواتە.

رەئوف ساڵح حوسـێن پارێزەر لە دادگای گشتیی بەغدا بە گوڵانـی راگەیانـد: رێژەی تـەڵاق دوو ئەوەندەی هاوسەرگیرییە، زۆربەی حاڵەتەکانیش لە ئەنجامی هەژاری و تێکچوونی باری ئابوورییە لە نێوان هاووڵاتیان.

ئەو پارێزەرە لەسـەر قسـەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئافرەتی عێراق لە سایەی حکومەتی عێراقدا هیوابڕبووە لە ژیانـدا و لە پیاوان زیاتر دووچاری ئیفلیجیی هزریی بۆتەوە. ئاماژەشـی بەوە کرد کە زۆربەی هاووڵاتیان کە بەشدارییان لە هەڵبژاردندا کردووە زۆر پەشیمانن.

رەئوف حوسـێن جەختی لەوە کردەوە کە پێداویستییەکانی ژیـان زۆر بەرزبۆتەوە و منداڵان و ئافرەتان پێویسـتییان بە خۆشـگوزەرانییە، لە کاتێکدا کە دەبینن وڵاتانی دیکە یاخـود پارێزگاکانی دیکەی عێـراق هەروەها هەرێمی کوردسـتان لە ئاسـتێکی بەرزی ئابـووری و ئەمنی و سیاسـی و کۆمەڵایتیدا ژیـان دەگوزەرێنن، کە ئەمەش وایان لێدەکات بیر لە هەڵەی زەق بکەنەوە.

ئامارە فەرمییەکان دووپات لەوە دەکەنەوە کە یەك کەس لە نێوان پێنج کەسـی عێراقی لە تەمەنی ١٠ بۆ ٤٩ ساڵان خوێندن و نووسین نازانێت.

لەلای خۆشـیەوە کادیرێکی وەزارەتی ناوخۆ بە ناوی (خ ح س) بە گوڵانی گوت: چەندین دۆسـێ لە بنکەکانی پۆلیسـی بەغدای پایتەخت کەڵەکە بوونـە، رێژەیەکی زۆر لەو دۆسـێیانە پەیوەستە بە کێشەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتانەوە، ئەمە وێڕای بەرزبوونەوەی ژماری لەشفرۆشان لەبەر پێویست بوون بە پارەو ماڵ. سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی خۆی ئاشـکرابکات روونی کردەوە کە ئافرەت هەیە مێردی خۆی هەروەها رێژەیەکی زۆری کچانیش ماڵیان جێهێشـتووەو روویان لە دەوڵەتان یـان پارێزگاکانی دیکە کردووەو لە پێناو ژیانێکی لەبارتر و دەستکەوتنی کارەباو ئاوی پاکی خواردنەوە و سەلامەتیی تەندروستی و ئەمنی لەو شوێنانەدا، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بکەونە نێو هەڵەی زەق و مەترسیدار و کێشەی کۆمەڵایەتی.

**هیلال تەحان شارەزای ئابووری:**

## بەغدا رووبەڕووی رەوشێکی سەختی کۆمەڵایەتی و ئەمنی و سیاسیی گشتیی بۆتەوەو سەرجەم ئیش و کاری ئازادو پرۆژە ئابوورییەکانیش وەستاون

**سەلاح موسەوی شارەزا لە کاروباری وزە:**

## هۆی سەرەکیی پاشکەوتن و چاك نەبوونی سیستەمی کارەبا لە عێراق گەندەڵی دارایی و کارگێرییە

**رەئوف ساڵح حوسێن پارێزەر لە دادگای گشتیی بەغدا:**

## رێژەی تەڵاق لە پرۆسەی هاوسەرگیری زیاترە، زۆربەی حاڵەتەکانیش لە ئەنجامی هەژاری و تێکچوونی باری ئابوورییە

**کادیرێکی وەزارەتی ناوخۆ:**

## چەندین دۆسێ لە بنکەکانی پۆلیسی بەغدای پایتەخت کەڵەکە بوونە، رێژەیەکی زۆر لەو دۆسێیانە پەیوەستە بە کێشەکانی نێوان پیاوان و ئافرەتانەوە



# خوێندنی کوالێتی بەرز..
# کلیلی داهاتووە و دەرفەتی یەکسان بۆ وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی دروست دەکات



ئەگەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو، بارزانی مستەفا قوتابیانی بە سەری رمی هەموو شۆڕش و راپەڕینێك پێناسە کردبێت، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە هەموو چەکێکی شانی پێشمەرگە ئەقڵێکی منەوەری لەپشتەوە بێت و هەموو هەڵچوونێکی نەتەوەیی پێویستە ئەقڵێکی زانستی لە پشتەوە بێت و بەرنامەڕێژی بکات بۆ ئەوەی ئامانجە نەتەوەییەکانمان بەدیبهێنێت، ئەوا لەمەوە تێدەگەین کە پرۆسەی شۆڕش و مقاوەمەت لە فیکری بارزانی مستەفادا هەموو کات کادری زانستی پەروەردەکراوی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە و قوتابخانە ئایینییەکانی بە ژێرخانێکی پتەو زانیووە بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە سەرمایەی مرۆیی لە کوردستان بۆ مقاوەمەت و شۆڕش و بەرخودان ئامادە بکات.
لایەنێکی دیکە لە تێڕوانینی بارزانی مستەفا بۆ زانست و مەعریفە وەك کلیلێك بۆ کردنەوەی داهاتوویەکی رۆشن بۆ نەوەکانی ئایینده دووباره خوێندنەوە یان هەڵوەستەکردنە لەسەر بەرنامەی دانووستاندنی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراقە لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی رابردوو، ئەویش ئەوەیە کردنەوەی زانکۆیەك لە کوردستان وەك داواکاری شۆڕش ئاماژەی پێکراوە کە ئەویش دروستکردنی زانکۆی سلێمانی-یە.
پێکەوە گرێدانەوەی شۆڕش و زانکۆ لە ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی شەڕ لەنێوان شۆڕش و حکومەتی بەعس هەڵگیرسایەوە، نمایشێکی تازەی شۆڕشی کوردستان بوو لەنێو هەموو شۆڕشە رزگاریخوازەکانی جیهان تا ئەو سەردەمە، لەبەر ئەوەی زانکۆی سلێمانی لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕ، شوێنی خۆی لەناو سلێمانییەوە گواستەوە بۆ هەڵەبجەو قەڵادزێ و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆی سلێمانی ئامادەباشیان پیشاندابوو کە لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش دەبێت زانکۆ بەردەوام بێت، لەسەر ئەم پرسە و تایبەت بە هەڵوێستی بارزانی مستەفا و مەکتەبەکەی، پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی لە بۆنەیەکدا بۆی گێڕاینەوە، لەسەر دووبارە بەردەوامیدان بە زانکۆ لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش، ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو پێی وتبوون، ئێمە وەك شۆڕش هەموو ئامادەکارییەکتان بۆ ئامادە دەکەین و دەبێت تفەنگ و قەڵەم هاوشان لەسەنگەری مقاوەمەت پێکەوە بن.
بەڵام ئەوەی دووبارە جێگەی هەڵوەستە کردنە لەسەر ئەم خاڵە کاردانەوەی رژێمی بەعس بوو لەسەر دووبارە بەردەوامبوونی زانکۆی سلێمانی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش، ئەویش ئەوەیە رژێمی بەعس پێش ئەوەی هێرشی بەرفراوان بکاتە سەر هیچ بەرەیەکی شەڕ، تەنیا دوای مانگێك لەدەستپێکردنەوەی شەڕ، بە فڕۆکە هەردوو بنکەی زانکۆی سلێمانی لە هەڵەبجەو قەڵادزێی بۆمباران کرد و بەدەیان مامۆستاو قوتابی شەهیدکرد، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش زانکۆ بەردەوام نەبێت، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت دوژمنانی کوردستان هێندەی لە بناخە زانستییەکەی بیرکردنەوەی تاکی کورد دەترسن، هێندە لە چەکەکانی شانیان نەترساون.

## خوێندنی کوالیێتی بەرز بە چ مانایەك؟

ئەگەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و دەسپێکی شۆڕشی ئەیلوول وەك گەورەترین شۆڕشی نەتەوەیی کورد لە مێژوودا بخوێنینەوە و دووبارە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی ئەم شۆڕشە هەڵوەستەیەکی رەخنەیی بکەین و بە چاوێکی رەخنەییانە ئەم مێژووە بخوێنینەوە و ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە پرۆسەی بونیادنانی نەتەوەیی گەلی کوردستان چ رۆڵێکی گەورەیان

**پرۆسەی شۆڕش و مقاوەمەت لە فیکری بارزانی مستەفادا هەموو کات کادری زانستی پەروەردەکراوی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانە و قوتابخانە ئایینییەکانی بە ژێرخانێکی پتەو زانیوە**

**پرۆفیسۆر ئازاد نەقشبەندی لە بۆنەیەکدا بۆی گێڕاینەوە، لەسەر دووبارە بەردەوامیدان بە زانکۆ لەناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش، ئیدریس بارزانی هەمیشە زیندوو پێی وتبوون، ئێمە وەک شۆڕش هەموو ئامادەکارییەکتان بۆ ئامادە دەکەین و دەبێت تفەنگ و قەڵەم هاوشان لەسەنگەری مقاوەمەت پێکەوە بن**

**دوژمنانی کوردستان هێندەی لە بناخە زانستیەکەی بیرکردنەوەی تاکی کورد دەترسن، هێندە لە چەکەکانی شانیان نەترساون**

**فیکری بارزانی، ئەوەمان پێدەڵێت بونیادی تاک لە کۆمەڵگە پێویستە بونیادێکی زانستی بێت نەک ئایدۆلۆژی، هەربۆیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی و دواتریش لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول نەریتی گرووپ و ڕێکخراوی مەدەنی بە ئاستێک دوور لەحزب هاتە ئاراوە، یەکێک لەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە**

گێڕاوە؟ ئەوا لە وەڵامی ئەم پرسیارە مێژووی پارتی و شۆڕشی ئەیلوول ئەوەمان پێدەڵێن، کە یەکێك لە ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەم شۆڕشە ئەوەبووە، کە نیسابی مەدەنی کۆمەڵگە لە نیسابی سیاسیی کۆمەڵگە بەرزتر بێت، ئەمەش بەو مانایەی شۆڕشی ئەیلوول تاکی کوردی لەسەر ئەو بنەما نەتەوەییە بونیادناوەتەوە کە خۆی وەك تاکی نەتەوە ببینێت نەك ئەندامی پارتێکی سیاسی کە ئەو کات (پارتی دیموکراتی کوردستان)بووە.

لۆژیکی ئەم تێڕوانینە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ فیکری بارزانی، ئەوەمان پێدەڵێت بونیادی تاك لە کۆمەڵگە پێویستە بونیادێکی زانستی بێت نەك ئایدیۆلۆژی، هەربۆیە لەگەڵ دامەزراندنی پارتی و دواتریش لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول نەریتی گرووپ و ڕێکخراوی مەدەنی بە ئاستێك دوور لەحزب هاتە ئاراوە، یەکێك لەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانە، کە یەکەمین سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بەڕێز مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بووە کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

ئەگەر لەسەر تەنیا ئەم ڕێکخراوە هەڵوەستە بکەین، هەست دەکەین لە فیکری بارزانیدا ئامانج لەم ڕێکخراوە ئەوەبووە، کە ئەم ڕێکخراوە قوتابیان لەناو ئەم ڕێکخراوە وەك کادرێکی زانستی و ڕۆشنبیر و هۆشیار و نیشتمانپەروەر بکات، بۆ ئەوەی ئەو کادرە زانستی و هۆشیارە لە داهاتوو سەرکردایەتی لەناو حزب بگرێتە دەست و بەو زانست و هۆشیاری و نیشتمانپەروەرییەی پارتی ئاڕاستە بکات، نەك پارتی لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی سیاسیی ئەو دەستەبژێرە ئاڕاستە بکات.

بەرهەمی جوانی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەوکاتی کوردستان، وایکرد ئەم بوارە پەلبکێشێت بۆ دامەزراندنی گرووپ و ڕێکخراوی دیکە، وەك یەکێتی ئافرەتان، یەکێتی زانایانی ئیسلامی، یەکێتی نووسەران و هونەرمەندان...تاد.

بەڵام ئەوەی لەم ئاراستەیە گرنگە ئەوەیە کە فیکری بارزانی بۆ بونیادی نەتەوە و بۆ بونیادی ئاییندەی نەتەوە لەو خاڵەدا چڕدەبێتەوە، کە هەموو ژێرخانەکانی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە پێویستە لەسەر بنەمای ژێرخانێکی زانستی و نیشتمانپەروەرانە بێت. بۆیە لێرەوە کە سەیری هەنگاوەکانی ئەوکات دەکەین، وێڕای بارودۆخە ئاڵۆزەکان و وێڕای ئەو هەموو گوشارەی دوژمنانمان، بەردەوام ئاراستەی شۆڕش هەنگاو هەڵگرتن بووە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن، لە کوالێتی نزمەوە بۆ کوالێتی بەرز. هەر بۆ نموونە:

١. ڕێگە گرتن لە هەڵکشانی ڕێژەی نەخوێندەواری، ئەویش بە کردنەوەی قوتابخانەکانی شۆڕش بۆ پەروەردەو فێرکردنی ڕۆڵەکانی ناوچە ئازادکراوەکان بە کچان و کوڕانەوە.

٢. وەرگرتنی زەمالەی خوێندن لە ڕێگەی شۆڕشەوە بۆ ئەو قوتابیانەی خوێندنی قۆناخی یەکەمی بکالۆریۆسیان تەواوکردووە بۆ ئەوەی بچن خوێندی باڵا لە بوارە جیاوازەکان تەواو بکەن، ئەمەش واتە شۆڕش تەنیا کادری سەربازی پەروەردە نەکردووە، بەڵکو چەندین مامۆستای پایەبەرزی کورد هەن، کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بەڕێگەی زەمالەی شۆڕش خوێندنی باڵایان تەواو کردووە.

٣. خوێندنی کوالێتی بەرز بووە یەکێك لە دواکارییەکانی شۆڕش لە دانووستانەکانی لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق، بۆ نموونە وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد کردنەوەی زانکۆی سلێمانی، ئەمەش مانای ئەوەیە لە فیکری بارزانی مستەفادا، خوێندنی کوالێتی بەرز هاوشانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان خەباتی بۆ کراوە.

بۆیە لێرەوە کاتێك باسی خوێندنی کوالێتی بەرز دەکەین، مەبەست لەوەیە چۆن ئاراستەی خوێندن بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت، هەر بۆ نموونە ئەگەر ماوەی ٢٥ساڵی نێوان ١٩٦١ – ١٩٨٦ وەربگرین، پرسیار ئەوەیە ئایا ئاستی خوێندن لە کوردستان لە ١٩٦١ چۆن بووە و لە ١٩٨٦ گەیشتۆتە کوێ؟ دیارە ئەمە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، ئەگەر ساڵی ١٩٦١ بە سفر پێناسە بکەین بۆ ئاستی خوێندن لە کوردستان، ئەوا لە ١٩٨٦ دەکرێت بە ئاستی لوتکە ببینین، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژێرخانەی کە شۆڕشی ئەیلوول لە ١٩٦١- ١٩٧٥ دروستی کرد، ئەم وەرچەرخانە گەورەیەی بەخۆیەوە بینی.

خۆ ئەگەر ماوەی دوای ڕاپەڕین لە ١٩٩١ – ٢٠١٤ وەربگرین و ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا ئەو وەرچەرخانەی ١٩٦١- ١٩٨٦ دەیبینین، لە ١٩٩١- ٢٠١٤ دەیبینین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دوو لایەنی هەیە:

١. ئەگەر لەڕووی چەندایەتییەوە وەریبگرین، بێگومان بەڵێ، لەبەر ئەوەی لەساڵی ١٩٩١ تەنیا یەك زانکۆ هەبووە ئەویش زانکۆی سلێمانی بوو، ئەو زانکۆیەی لە ١٩٨١ گواسترایەوە بۆ هەولێر و ناوەکەی گۆڕا بە زانکۆی سەلاحەدین، بەڵام ئێستا ١٦ زانکۆی حکومی و ١٢ زانکۆی کەرتی تایبەت و دوو زانکۆی ئەمریکی لە کوردستان بوونیان هەیە.



٢. بەڵام ئەگەر لە رووی جۆرایەتیەوە سەیری بکەین، بەداخەوە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان پێمان دەڵێت، ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی زانکۆکان لە قۆناخی یەکەمی بکالۆریۆس و ئەوانەشی کە ژمارەیان بە هەزارانە لە قۆناخەکانی خوێندنی باڵا و خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، نەبوونە ئەو سەرمایە مرۆییەی کە بتوانرێت لەپرۆسەی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وەك پێویست وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت، لەمەش خراپتر ئەم چەندایەتیە بەجۆرێك کاریگەری لەسەر جۆرایەتی هەبووە، کە ئەم سەرمایە مرۆییە زانستیە لە ئێستا لەبری ئەوەی ببێتە هێزێك بۆ بەگوڕترکردنی رەوتی پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان، بۆتە هۆکاری هەڵاوسان و خاوکردنەوەی پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە.

## مانۆڕیساڵانەی دەرچووانی زانکۆ و خوێندنەوەیەکی رەخنەیی لە وەرگرتنی بڕوانامەکانیان

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی هەموو ساڵێك و لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان چەندین ئاهەنگ بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان رێکدەخرێت، ئەم ئاهەنگانە وەك بۆنەیەکی نیشتمانی سەیر دەکرێت بۆ پێشوازی کردن لە پۆلێك کوڕان و کچانی پێگەیشتوو بۆ ئەوەی دوای وەرگرتنی بڕوانامەکانیان و دوای ئەوەی هۆڵەکانی خوێندن بەجێدەهێڵن، پێویستە راستەوخۆ رووبکەنە مەیدانی کار و بونیادنانەوە، ئەوجا ئەو مەیدانە کەرتی گشتی بێت یان تایبەت بێت، کە ئێستا کەرتی تایبەت شادەماری پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە لەکوردستان پێکدەهێنێت.

بەڵام بەداخەوە ئەو بڕوانامانەی لەو کەرناڤاڵە نیشتمانییە دەبەخشرێتە قوتابیان نابێتە فیزەی پەڕینەوە لە هۆڵەکانی خوێندنەوە بۆ مەیدانی پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان، لە کاتێکدا قوتابیان بە کۆمەڵێك هیوا و ئومێدەوە ئەو بڕوانامەیە وەردەگرن کە بە قردێلەیەکی سور بەستراوە، بەڵام لە هەمانکاتدا لەگەڵ وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە نیگەرانی و نائومێدی لە ناخی قوتابیان دروست دەبێت، بەوەی ئایا دوای وەرگرتنی ئەم بڕوانامەیە چەند مانگ یان چەند ساڵ لە وێستگەی بێکاری دادەنیشن، تاچەند دەچنە بەردەمی کۆمپانیاکان و سیڤییەکانیان پێشکەش دەکەن و چاوەڕێی ئەو وەڵامە دەبن (ببورن مەرجەکانی کۆمپانیاکەمان رێگە نادات ئێوە کارمان لەگەڵدا بکەن)، لەمەش تراژیدتر نەبوونی بەرنامەو پلانێکی تۆکمەیە بۆ رێگەگرتن لەپووکانەوەی سەرمایەی مرۆیی مەعریفی. بەمشێوەیە گەورەترین هێزی کار لەم هەرێمەدا پەراوێز دەخرێن و دەکەونە گێژاوی کێشە بێ چارەسەرەکانەوە. کاتێکیش لەسەدەی بیست و یەکدا بڕوانامەی بکالۆریۆس هەلی کاری دەست نەکەوێت و سەرمایەی مەعریفی خۆمان لەبازاڕی کارو ناو کۆمپانیاکاندا کەس پێویستی پێی نەبێت، کەواتە بۆچی بەرهەمی بهێنین و بەرزترین بودجە لە خوێندنی کوالێتی نزمدا بەهەدەر بدەین؟ ئایا هەر ئەم گەنجە رۆژهەڵاتی و جیهانی سێیە نییە لەجیهانە پێشکەوتووەکاندا لەریزبەندی پێشەوەی داهێنەرو کەسە بزووێنەر و چالاکەکانن، جیاوازییەکە لەوەدایە لەوێ خوێندنی کوالێتی بەرزیان هەیە ئەو خوێندنەی داهێنان دروست دەکات.

**ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی زانکۆکان لە قۆناخی یەکەمی بکالۆریۆس و ئەوانەشی کە ژمارەیان بە هەزارانە لە قۆناخەکانی خوێندنی باڵا و خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران، نەبوونە ئەو سەرمایە مرۆییەی کە بتوانرێت لە پرۆسەی بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان وەک پێویست وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت**

**ئەو بڕوانامانەی لە کەرناڤاڵی ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دەبەخشرێنە قوتابیان نابێتە فیزەی پەڕینەوە لە هۆڵەکانی خوێندنەوە بۆ مەیدانی پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدان**

**ئەگەر ئاستی کوالێتی خوێندن بەرز نەکرێتەوە بۆ ئەوەی کادرە زانستیەکانمان بتوانن تەفاعول لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە بکەن، ئەوا بۆشایی یان ناهاوسەنگیەکی گەورە لەنێوان ئاستی بەرزی کۆمپانیاکان و کادرە زانستیە لۆکاڵەکانی خۆمان دروست دەبێت**

**بایەخدان بە خوێندنی کوالێتی بەرز و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پرۆگرامەکانی هەموو زانکۆکانی کوردستان، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی سوودێکی هێجگار گەورە لەو سەرمایە مرۆییە وەربگرین کە ساڵانە زانکۆکانی کوردستان پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکەن**

ناکرێت زانکۆکانمان لە رووی ستانداردی جیهانییەوە لە ریزبەندی ١٠هەزار بێت و زانکۆیەکی وەکو زانکۆی سەلاحەددین لەریزبەندی ٨ەمین زانکۆکانی عێراق بێت لەناوخۆشدا مامەڵە لەگەڵ گەورە کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی دنیای پێترۆڵ و تەکنەلۆژیای وەکو ئێکسۆن مۆبیل و گازبرۆم و شیڤرۆن و گەنەل ئینیرجی و هێرتج و هیس و کریسنت ئۆیل و ماراسۆن و مۆل و کالیگران و ٥٠ گەورە کۆمپانیای پێترۆڵ و ٤٠ کۆمپانیای دیکەی خزمەتگوزاری و کۆمپانیاکانی وەکو سامسۆنگ و دەیانی تری کۆمپانیا بەناوبانگە جیهانییەکانی تەکنەلۆژیا بین، ئەمەش ئاستی زانکۆ و پرۆگرامەکانمان بێت.

ئەگەر سەرنج لەم بەراوردە بدەین، دیارە مەبەست ئەوە نییە کارێکی باش نییە ئەم هەموو کۆمپانیا گەورە جیهانییە رووبکاتە کوردستان، نەخێر ئەوە جێگەی شانازییە بۆ هەرتاکێکی کوردستان کە ئەمڕۆ سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەو ئاستەیە کە سەرنجی ئەم هەموو کۆمپانیا گەورەی راکێشاوە بۆ ئەوەی بێنە کوردستان، بەڵام ئیشکالیەتەکە لەوەدایە ئەگەر ئاستی کوالێتی خوێندن بەرز نەکرێتەوە بۆ ئەوەی کادرە زانستیەکانمان بتوانن تەفاعول لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە بکەن، ئەوا بۆشایی یان ناهاوسەنگیەکی گەورە لەنێوان ئاستی بەرزی کۆمپانیاکان و کادرە زانستیە لۆکاڵەکانی خۆمان دروست دەبێت و بەشێکی گەورە و گرنگی سەرمایەی مرۆییمان کە سەرمایەی مەعریفەیە سوودی لێوەرناگیرێت.

## خوێندنی کوالێتی بەرز
## سەرچاوەی هێز و کار لە سەدەی بیست و یەك

چیدیکە لەسەدەی بیست و یەکەم تەحددییەکان تایبەت نابن بە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان رۆژهەڵاتی، بەڵکو تەحددییەکانی سەدەی بیست و یەکەم، پێش وڵاتانی رۆژهەڵاتی و تازە پێگەیشتوو، وڵاتانی رۆژئاوا دەگرێتەوە، هەربۆیە ئێستا مەترسی ئەوە هاتۆتە ئاراوە دەوڵەتانی پیشەسازی دوێنی، ئەمڕۆ هەنگاو بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر هەڵدەگرن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی نرخی وزە و دابەزینی نرخی کار لە وڵاتانی رۆژهەڵات بە تایبەتی رۆژهەڵاتی ئاسیا.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێدەڵێت، حکومڕانی لەهەموو جیهاندا پێکەوە رووبەڕووی تەحددییەکانی هاوبەش دەبێتەوە و سەرچاوەی ئەم تەحددیانەش ئەو کچ و کوڕە گەنجانەن کە گۆڕانکارییە خێراو گەورە و بەردەوامەکانی ئەم سەدەیە بەهێزی کردوون.

هۆکاری سادە کە وادەکات لاوان و گەنجان ببنە سەرچاوەی تەحددیەکان و خۆشیان رووبەڕووی ئەم تەحددیانە ببنەوە، ئەوەیە هیچ حکومەتێك لەجیهاندا نییە کە بتوانێت یەکسانی دروست بکات، دیارە کە دەشڵێین ناتوانێت یەکسانی دروست بکات، لەبەر ئەوەی بەرنامەی ئابووری جیهان ئێستا لە هەموو جیهاندا بەرنامەی ئابووری بازاڕ و ململانێیە، بۆیە ئەگەر هەتا بشتوانێت یەکسانی دروست بکات، ئەوا ئابووری بازاڕ و ململانێ کۆتایی پێدێت.

بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحددیانە، ئەو وەرچەرخانە گەورەی کە بەسەر هێز هاتووە، بەتایبەتی لەبواری گواستنەوەی هێز لە دەوڵەتانی رۆژئاواوە بۆ دەوڵەتانی رۆژهەڵات و هەروەها گواستنەوەی هێز لە کاراکتەری دەوڵەتیەوە بۆ کاراکتەری غەیرە دەوڵەتی واتە تاك و گرووپ، دیارە بەرەنجامی ئەم گواستنەوەیەش راشکاوانە لەوڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی دەبینین کە چ کەشێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر و ترسناکی دروستکردووە، ئەوا ئێستا تەنیا یەك رێگە هەیە، ئەویش بایەخدانە بەخوێندنی کوالێتی بەرز، بۆ ئەوەی بتوانیت لەنێوان تاکەکاندا دەرفەتی یەکسان و ململانێکی شەریفانە دروست بێت کە سەروەریی یاسا و ئاشتی و کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر لە کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەیری ئەم بارودۆخە گۆڕاوە خێراو بەردەوامە بکەین، ئەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، بۆ ئێستای کوردستان بایەخدان بە خوێندنی کوالێتی بەرز و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پرۆگرامەکانی هەموو زانکۆکانی کوردستان، دەبێتە هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی سوودێکی هێجگار گەورە لەو سەرمایە مرۆییە وەربگرین کە ساڵانە زانکۆکانی کوردستان پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکەن، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر بەرهەمی زانکۆکانی کوردستان لەم ئاستەی ئێستای بمێنێتەوە، راستە ساڵانە بەهەزاران کادری زانستی بەرهەم دەهێنن، بەڵام ئەم کادرە زانستیانە نابنە ئەو سەرمایە مرۆییەی لە پرۆسەی پەرەپێداندا سوودیان لێوەربگرن، بەڵکو دەبنە گوشارێك لەسەر حکومەت و هەڵاوسان لە حکومەتدا دروست دەکەن، هەروەك چۆن ئێستا ٪٧٠ی بودجەی کوردستان بۆ مووچەی فەرمانبەرانە، ئەوا ئەگەر ئەم ئاراستەیە چارەسەر نەکرێت، لەوانەیە لەچەند ساڵی داهاتوو ئەم رێژەیە بەرز بێتەوە بۆ ٧٥-٨٠٪ لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدان بگۆڕین بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، ئەوا پرۆسەی پەرەپێدان دەگۆڕدرێت بۆ پرۆسەی دامەزراندنی فەرمانبەران.

دکتۆر وەسفی تاهیر راگری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەڵاحەدین:

## عەقڵیەتی کەرتی حکومی زاڵە بەسەر عەقڵیەتی کارکردن لەکەرتی تایبەت گۆڕینی ئەم کلتووره بەرنامەو کار و کاتی دەوێت



**سەبارەت بە ئیشکالیەتی کێشەی دەرچووانی قوتابیان و گواستنەوەیان لە هۆڵەکانی خوێندنەوە بەرەو مەیدانی پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوە، د.وەسفی تاهیر راگری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

(زۆربەی دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگاکان کلتوور و فەرهەنگێك بەسەریاندا زاڵە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەموو دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان لە وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومی دامەزرێن، واتا عەقڵیەتی کەرتی حکومی زاڵە بەسەر عەقڵیەتی کارکردن لەکەرتی تایبەت، گۆڕینی ئەم کلتووره بەرنامەو کارو کاتی دەوێت، چونکە حکومەت نەیتوانیوە بەتەواوەتی رۆڵی هەبێت لە پاڵپشتیکردن و رێکخستنی پرۆژەی بچووکی گەنجان. من تێناگەم بۆچی تائێستا دامەزراوەیەکی ئابووری رێکوپێك نییە لەچوارچێوەی یاساو پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان بۆ تەمویلکردنی پرۆژەی بچووك و رێکخستنی کاری پرۆژەی بچووك لەهەرێمی کوردستان، کە لەڕووی دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ و کەمکردنەوەی بێکاری و بەرزکردنەوەی کێرڤی ئابووریی رۆڵی گەورەی دەبێت).

دکتۆر محەمەد شوکری مامۆستای ئابووری لەزانکۆی سەڵاحەددین:

## قوتابی گوناهی نییە کەوا زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندنی پێش نەخراوەو نەتوانراوە گەنجێك پەروەردە بکەن کە لەئاست گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراکانی سەردەم و داواکاری بازاڕی کاردا بن



**ئایا تاچەند ئەو پرۆگرامە زانستیەی لە زانکۆکانی کوردستان پێڕەو دەکرێت، وەڵامی خواستەکانی ئەمڕۆی لەسەدەی بیست و یەکەم پێیە؟ ئایا تاچەند ئاستی زانکۆکانمان توانای بەرهەمهێنانی کادری زانستی بۆ ئەم قۆناخە پیشانداوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا د.محەمەد شکوری مامۆستای ئابووری لەزانکۆی سەلاحەدین بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**

(دەرچووەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان کاتێك رووبەڕووی بازاڕی کار دەبنەوە لەئاست رووبەڕووبوونەوەکەدا نین، چونکە لەلایەك پێداویستیەکانی خوێندن و زانستی و ئاستی مامۆستایانیش لەئاست کرانەوەی بازاڕو پێشکەوتنە خێراو بەردەوامەکەی ئابووری و کارگێڕی نییە، قوتابی گوناهی نییە کەوا زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندنی پێش نەخراوەو تەنانەت زۆربەی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان نەیانتوانیوە گەنجێك پەروەردە بکەن کە لەئاست گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراکانی سەردەم و داواکاری بازاڕی کاردا بن، لەزۆربەی بەشەکان پرۆگرامەکانمان پێویستی بەگۆڕانکارییە، بۆ نموونە لەکۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری داوامانکردووە چەند بەشێکی نوێ بکرێتەوە کە بازاڕی کار پێویستێتی کەچی لەوەزارەتی خوێندنی باڵا وەڵام نەدراوینەتەوە، هەروەها زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندنمان کلاسیکییە ئەمەش وایکردووە گەورە کۆمپانیا پێشکەوتووەکانی دنیا لەهەوڵی ئەوەدا بن پشت بەکادیر و کارمەندی خۆیان ببەستن، لەلایەکی ترەوە زۆر لەو پسپۆرایەتی و شارەزاییانەی لەناو دەرچووانی زانکۆکانمان هەیە کەچی کۆمپانیا بیانی و زۆربەی جار خۆماڵیەکانیش پشت بەکارمەندو دەرچووانی وڵاتانی دەرەوە دەبەستن کە دەبێت ئەمە رێکبخرێت، چونکە لەهیچ وڵاتێکدا نییە بازاڕی کاری نغرۆ بێت لەکارمەندو کرێکاری بیانی و هاووڵاتی و دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگاکانیشی کاریان دەست نەکەوێت، لەکاتێکدا هەموومان دەزانین کەرتی تایبەت مەرج نییە هەموو جارێك لەغیابی شارەزایی و توانای دەرچووەکانماندا پەنایان بۆ کارمەندو شارەزایانی بیانی بردبێت، بەڵکو لەنەبوونی یاساو رێنمایی بازاڕی کارو هەرزانی نرخ و بێ بەهاکردنی کارەوەیە کارمەندانی بیانی رەواجی زیاترە. من بە بەردەوام بەقوتابییەکانم دەڵێم گرنگی بەبواری خوێندن بدەن و خۆیان بەسەرمایەی مەعریفی و تازە دەوڵەمەند بکەن، چونکە ئێستا هەرێمی کوردستان بەرووی دەرەوە کراوەتەوەو ململانێی بەدەستهێنانی کار قورستر و ئاڵۆزتر بووە، پێویستە خوێندکارانمان فێری زانستەکانی تەکنەلۆژیاو ئینتەرنێت و چەندین زمان و ئەتەکێت و چۆنییەتی کارکردن بن، ئەوجا دەتوانن هەلی باشی کار بدۆزنەوە).

# سوریا و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە گۆڕەپانی شەڕدا

دۆغو ئەرگیل*
تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە

لە سەردەمی حافز ئەسەد، باوکی بەشار ئەسەددا، چیرۆکێکی نوکتە ئامێز لە ئارادا بوو کە بەم شێوەیە بوو «سەرۆکی ئەمریکا، جۆرج بوشی باوك، بۆ جاری دووەم خۆی کاندید دەکردەوە بۆ سەرۆکایەتی. بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی سەردەکەوێت بەسەر رکابەرەکەیدا، داوای لە راوێژکارەکانی کرد کە بزانن سەرکەوتوترین تیمی هەڵمەتی- هەڵبژاردن- کێ بووە لە جیهاندا. ئەو کاتە تازە بە تازە حافز ئەسەد بە رێژەی لە ٩٩،٩٪ی براوەی هەڵبژاردنەکانی وەڵاتەکەی بوو.

بەڕێز بوشی باوك ئەوکات پێوەندی بە سەرۆکی تازە هەڵبژێدراو(و دووبارە هەڵبژێردراوی) سوریا حافز ئەسەد دەکات و داوای لێدەکات کە تیمە سەرکەوتووەکەی خۆی پێببەخشێت بۆ ئەوەی پشتیوانی بکەن لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیە چاوەڕوانکراوەکەی ئەمریکادا.

تیمەکەی حافز ئەسەد بەوپەڕی توانای خۆیانەوە دەستیان بە کارکردن کرد بۆ بەرژەوەندی بوش. لە کۆتاییدا دەنگەکان جیاکرانەوەوە و بردنەوەیەکی گەورە تۆمار کرا: «بەڕێز حافز ئەسەد بە رێژەی ٩٩،٩ لە سەدی دەنگەکان بووە براوەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا.»

ئێستاش پێدەچێت هەمان تیم کاریان لە سوریادا کردبێت- کە گرفتار و دەردەداری دەستی شەڕە- لەپێناو بەدەستهێنانی سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەر بۆ بەشار ئەسەدی کوڕی. بەپێی ئەو رێژە رەسمیەی کە لەلایەن حکومەتی سوریاوە بڵاو کراوەتەوە، بەشار ئەسەد هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی هەفتەی رابردووی بە زۆرینەیەکی سەرسوڕهێنەر بردەوە کە بریتییە لە سەدا ٨٨,٧ دەنگەکان.

بەشار ئەسەد بە چەشنی باوکی وەك تاکە پاڵێوراو بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠ و ٢٠٠٧دا کرد، کە دەنگدەران تەنیا بژاردەی بەڵێ و نەخێریان لەبەردەمدا بوو. بەڵام ئەمجارەیان، بۆ ئەوەی رواڵەتێکی دیموکراتی بدەن بە پرۆسەکە دوو «پاڵێوراوی دۆست»یان بۆ سەر کاغەزی دەنگدانەکە زیاد کرابوو.

بەرپرسانی سوریا رایانگەیاند کە رێژەی دەنگدان لە سەدا ٧٣,٤بووە. لە کاتێکدا بەشار ئەسەد توانیویەتی لە سەدا ٨٨,٧ی دەنگەکان بەدەست بهێنێت، رکابەرکەی حەسەن ئەل نوری، لە سەدا ٣،٤ی دەنگەگان و ماهیر حەجەر لە سەدا ٣,٢ی دەنگەکانی بەدەست هێناوە.

نەتوانرا لە باکوور و باشوری سوریادا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، چونکە بەدەستی یاخیبوەکانەوەیە. کەواتە دەبوو هەڵبژاردنەکە لەو ناوچانەدا بکرابایە کە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ کرابوون، لەگەڵ هاونیشتمانیانی دەرەوە. بە دەیان هەزار لەو سوریانەی لە دەرەوە دەژین دەنگیاندا لەم هەڵبژاردنەدا. نزیکەی ٣ ملیۆن کەس وەك پەنابەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاو بوونەتەوە، ئیدی یان بەهۆی یاساوە دوورخراونەتەوە یاخود خۆیان بە دوور گرت لە سندوقەکانی دەنگدان. بەڵام ئەم نەهامەتیانە رێگەیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن نەگرت. لە کاتی دەنگدانەکەدا لە چەندین شوێن شەڕ دەکرا.






بە مسۆگەرکردنی کورسیەکەی، بەشار ئەسەد توانیوێتی دوو دەستکەوت بەدەست بهێنێت: بەدەستهێنانی شەرعیەت بۆ ئەوەی وەك سەرۆكێكی قبوڵ کراو لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە، و حەوت ساڵی دیکەی سەرۆکایەتی مسۆگەر بکات، سەرەڕای ئەوەی کە شەڕێکی خوێناوی لە وڵاتەکەیدا بەرپا بووە.

هەروەك پێشبینی دەکرا، موعارەزە و باقی جیهان- جگە لە روسیا و فەنزویلا- شەرعیەتی هەڵبژاردنەکانیان رەت کردەوە. بەڵام زەمینەکە بۆ قبوڵکردنێکی زمنی ئەنجامەکان ئامادە کرا.

ئاهەنگی گەورە رێکخرا لە دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. تەقەی خۆشی بە درێژایی رۆژ لە دیمەشق بەردەوام بوو. تەنانەت بە چەکی قورسیشەوە تەقە دەکرا کە هاوشان بوو بە هاواری پیاوان و ئافرەتان کە دەیانووت «ئێمە بە خوێن و بە گیان فیداکاری بەشارین» یان «خوا، و سوریا، و بەشار!»

دیمەنی هاوشێوە لە لاتاکیا و شاری وێرانبووی حمس پیشان دران، ئەو شارەی کە چەند هەفتەیەك پێشتر لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە کۆنترۆڵ کرایەوە. ئەم خۆشی دەربڕینە لەلایەن حکومەتەوە ئەوە پیشان دەدات کە ئەو بە نیازی دەستبەردان بوون نییە لە دەسەڵات و هێشتا پشتبەستووە بە پشتیوانی بەشێکی رای گشتی کە خوازیاری یەکپارچەیین و ترس و دڵەڕاوکێیان هەیە لە حکومڕانی گرووپە رادیکاڵەکان، بەو پێیە لەگەڵ ئەوەدان دیکتاتۆرێکی تەقلیدی بمێنێتەوە کە بتوانێت یەکێتی وڵاتەکە بپارێزێت.

تا ئێستا شەڕە ناوخۆییەکە ئاسەوارێکی خوێناوی جێهێشتووە کە ١٦٠،٠٠٠ کەس کوژراون و نزیکەی سێ ملیۆن کەس پەنابەرن. و پێناچێت- ئەم شەڕە- خاوبوونەوە بەخۆوە ببینێت. ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزی دەرەکی و ناوخۆیی کە بوار بە ئیدارەی سوریا دەدات بۆ ئەوەی لەرێی گرتنەبەری شێوازێکی کوشندەوە کۆنترۆڵی خاك بکاتەوە، ئەویش بە رەچاوکردنی ئەو راستیەی کە گرووپە ئوسوڵیەکان کە وڵاتیان داگیر کردووە هەڵگری ئایندەیەکی زۆر تاریکترن بۆ خەڵکی وڵاتەکە.

بەهۆی دوو دڵیی رۆژئاواوە(لە نێویاندا ئەمریکا)، هاوپەیمانەکانی ئەسەد، ئێران، و روسیا و حزبوڵڵای لوبنانی(کە میلیشایەکی شیعەیە) توانای هێزە چەکدارەکانی ئەویان باشتر کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆڵی هەندێ لەو خاکانە بکاتەوە کە لە دوو ساڵی یەکەمی شەڕەکەدا لەدەستی دابوون. هەرچۆنێك بێت، پێناچێت هێزەکانی موعارەزە کەمتر پێداگر بن لەسەر رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد.

ئەگەر هاوسەنگی گۆڕەپانی شەڕەکە بە شکستی یەکێك لە لایەنە بە شەڕهاتووەکان، نەشکێت، ئەوا هێزە دەرەکیەکان گرنگترین رۆڵ دەبینن لەوەی تای تەرازووەکە بە بەرژەوەندی یەکێك لە لایەنەکاندا بشکێننەوە. لەبەر ئەوەی ئەم تەنگژەیەی سوریا لە ئێستا گۆڕاوە بۆ شەڕی بە وەکالەت، ئەوا زیاتر رەنگدانەوەی دابەش بوونی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت، کە ئەوەندەی دیکە ئایندەی سوریا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەشێوێنێت.

**ئەم تەنگژەیەی سوریا لە ئێستا گۆڕاوە بۆ شەڕی بە وەکالەت، ئەوا زیاتر رەنگدانەوەی دابەش بوونی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت، کە ئەوەندەی دیکە ئایندەی سوریا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەشێوێنێت**

گرنگ نییە هەڵبژاردنەکانی سوریا چەند ساختەکاریان تێدا کراو و تا چەند لەگەڵ رێسا و ستاندارده قبوڵکراوەکاندا ناکۆکن، بەڵام پاڵپشتی کردن لەلایەن پشتیوانەکانی ئیدارەی سوریاوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە شێوەیەکی گشتی، دەبێتەهۆی ئەوەی بەشار ئەسەد پارێزراو بێت و لە رێگەی سەربازیەوە هەوڵی ئەوە نەدرێت لە دەسەڵات دوور بخرێتەوە، بە لایی کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**



# سیسیی سەرۆکی میسر

## قۆناغێکی نوێ و جەنگێک کە کۆتایی نەهاتووە

ئەسما حوسەینی/ قاهیرە

موشـــیر عەبدولفەتاح سیســـیی وەزیـــری پێشـــووتری بەرگری بە ڕێژەی ٩٦٪ی دەنگەکانی ٤٧٪ی ئەو میســـرییانەی بەدەستهێنا کە بەشـــدارییان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی میسر کردبوو لە کۆی ٥٠ ملیۆن میسری کە مافی دەنگدانیان هەبوو، میسرییەکان ڕۆژانی هەڵبژاردنیان لەژێر ڕێوشـــوێنی ئەمنی توند و بەبێ گرفت بەڕێکرد و هیچ کردەوەیەکی توندوتیژی ڕووی نەداوە وەك ئەوەی پێشـــبینی دەکرا.

مشتومڕێکی زۆر لەنێو میسرییەکان و ئەوانەی چاودێری هەواڵەکان دەکەن لە جیهان دروســـت بوو دەربارەی ئاســـتی بەشـــداری کردن لـــە هەڵبژاردنـــەکان و کەمتر بوو لەوەی چـــاوەڕێ دەکرا، تەنانەت هەندێکیان بـــە بایکۆت کردنی میللی ناویان بـــرد، لە بەرامبەردا لایەنگرانی سیســـی ڕایانگەیاند کە ئەم ڕێژەیەی بەشداری کردنی میســـرییەکانە لە هەڵبژاردن بە گشـــتی و ڕێژەی جیهانیش لەمە زیاتر نییە.

زۆربەی میســـرییەکان چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە قۆناغی داهاتوو کە سیســـی تێیدا حوکمڕانە قۆناغێکی نوێیە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەو پێیەی سیسی پیاوی دەوڵەتە و شارەزاییەکی زۆری هەیە لە ئەزموون و سروشـــتی دەوڵەت، پێیانوایە شیاوترین کەسە بتوانێت ئەو بەرنامەیە پێشـــکەش بکات کە بەرژەوەندیی هەموو میسرییەکان و بەرژەوەندیی نیشتمانی دەهێنێتە دی.

زۆر لـــە میســـرییەکان هیوایان بە سیســـی هەیە کـــە ئاواتەکانیان بهێنێتە دی و دووبارە سیاســـەت و دەوڵەتی میسر بگەڕێنێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاســـتی، دوای ئـــەوەی میللەت یەقینی بۆ دروســـت بوو کە ســـەرۆکی لەســـەر کارلادراو موحەمەد مورسی تەنیا لایەنگر و پشـــتگیری جەماعەتی ئیخوان و ڕێکخستنەکانی بوو نەك میسر و میسرییەکان.

میسرییەکان ئاهەنگیان گێڕا بە هاتنی سیسی بۆ سەرۆکایەتی و هەر ئەویش بوو جەنگی لەناوبردنی ئیخوانەکانی کرد و خۆی و سوپاکەی ڕێگایان نەدا جەنگێکی ناوخۆ لە میسر ڕووبدات لەنێوان میسرییەکان و ئیخوان و لایەنگرانیان لە کۆمەڵە ئیسلامییە توندڕۆکان، کە بە نیاز بوون جەنگێکی لاســـەنگ دژی گەلی میسر بکەن دوای ئەوەی لە شۆڕشی یەنایەری ٢٠١١ـەوە خۆیان بۆی ئامادە کردبوو.

وێنەکانی سیســـی کە لە گۆڕەپان و ماڵ و شـــەقام و بەلەکۆنەکان و چایخانـــە و کۆڵانە میللییەکان(حـــارەکان) بڵاوبوونەتەوە لە دوای سەرکەوتنی زەنگی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێن.

سیاسەتمەداران جەختیان کردەوە کە حکومڕانیی سیسی بەستراوە بەو تیمەی کە هەڵیدەبژێرێت و دیدی خۆی بۆ چارەســـەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی وڵات.

دکتـــۆر عیماد جاد پســـپۆر لە ســـەنتەری ئەهرام بۆ دیراســـاتی سیاســـی و ستراتیژی لە ئەهرام دەڵێ: بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنی ســـەرۆکایەتی میســـر، جەماوەر ڕژایە ســـەر شـــەقامەکان بۆ ئاهەنگ گێڕان بە سەرکەوتنی سیسی، ئاهەنگەکە بەهۆی ســـەرکەوتنی کەمەرشکێنی سیســـی نەبوو، بەڵکو خۆشی و ئاهەنگـــەکان پێـــش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بـــوو، لە ڕوانگەی بڕوا و متمانەی تەواویان بە ســـەرکەوتنی پاڵێوراوی ویســـتراویان و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو لە وڵات، لە ماوەی نزیکەی ٤٠ هەفتەدا ڕۆژەکانی خۆشـــی و شـــادی زۆر کەم و دەگمەن بوون، لە ٢٥ی یەنایەر زۆربەی هەرەزۆری میســـرییەکان لە دەست نەبوونی ئاســـایش و بەلتەجییەکان و دارمانی گشتی لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات، نەبوونی دەوڵەتی یاسا و بڵاوبوونەوەی تاوانی کوشتن بەهۆی ڕاکردنی هەزاران زیندانی لە زیندانەکانیان، شـــیکردنەوەی پۆلیس و نەبوونی توانای لە ڕێکخســـتنی وڵات، لە هەمان کاتدا بە هەزاران تیرۆریســـت لە سەرتاســـەری جیهانەوە هێنرانە میسر و لە باکووری سینا نیشتەجێ کران و هەندێکی دیکەشیان لە دۆڵی دەلتا نیشتەجێ بوون.

ئـــا لەوکاتەدا هەڵبژاردن لە میســـر ئەنجامدرا و ئیخوانەکان ســـێ لەسەر چواری کورسییەکانیان بەدەستهێنا، بەمەش چەند شێوازێکی کەسایەتییەکانی هێناو پێشکەشی میسرییەکانی کردن کە ڕەفتاریان لەگەڵ مێژووی میســـر و شوناسی میسرییەکان یەکی نەدەگرتەوە، کارەســـاتی میسرییەکان بە سەرکەوتنی مورســـی بۆ سەرۆکایەتی میسر زیاتر بوو، بەمەش سیمایەك لە وڵات دەرکەوت کە نەیاندەناسی و ڕەفتاری زۆر لە میســـرییەکان گۆڕا بەجۆرێك کە لەگەڵ ئیخوان گونجان یان بە نیفاق خۆیان بە گونجاو لەگەڵ خواستەکانی ئیخوان نیشـــاندا، وڵات بوو بە شـــانۆگەرییەك لە خەمۆکی، ترس و تۆقان لەنێـــو چینە باڵاکان و توێژە باڵاکانی چینـــی ناوەندی بڵاوبۆوە و زۆریان بەدوای پەناگەیەك یان وڵاتێکی دیکەی بەدیل دەگەڕان بۆ ئەوەی ڕەگەزنامەیان دەستکەوێ.

ئەو زیاتر دەڵێت: خەمۆکی ســـەرتاپای میســـری داگرت و داب و نەریتی زۆربەی هاووڵاتیان گۆڕا، بە ئاشـــکرا ڕوون بووەوە کە ئەم وڵاتە خەریکە نموونەی پاکســـتانی یاخود ئەفغانی هاوردە دەکات، شـــەڕی گرووپ و ڕەوتە ئیسلامییەکان لە سیاسەت و جیهاد دژی پێکهاتەکانی ناسنامەی میسر دەستی پێکرد، دژی هونەر لە شانۆو ســـینەما، دژی داهێنانی خۆشی و خۆشـــگوزەرانی بە شێوەیەکی گشتی، ئەوان دژی هەموو ئەو شـــتانەن کە پەیوەستن بە خۆراکی گیان و ئەو شـــتانە بەباش دەزانن کە پەیوەستن بە پێداویستییەکانی لەش و بایۆلۆژیی لە خۆراك و خواردنەوەو ســـێکس، هەندێ شێوەو دەم و چاو پەیدابوون کە پێشتر نەبینرابوون، ئەوانە خەنجەریان لە دڵی میســـر دا، کاتێ هەوڵیان دا دووبەرەکی بخەنە نێوان میسرییەکانەوە، بە پێی فاکتەرە بنەڕەتییەکانی دابەشـــبوون لە ڕووی ڕەگەز و ئایین و تایفەگەرییەوە.

لە چەندین لێدواندا کەمێك بەر لە ڕاگەیاندنی فەرمیی ئەنجامەکان، سیسی گوتی: میسر هەرگیز بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، لە پێناو بنیاتنانی نیشتمان دەســـت بۆ هەموو لایەك درێژ دەکات، دوور لە ململانێ و ناکۆکییەکان، بە نیازیشە لە ماوەی داهاتوودا ئاوڕی تەواو لە لاوان بداتـــەوە، ئەو جەنگاوەرانە هەڵدەبژێرێت تاکـــو کاری لەگەڵدا بکەن بەمەبەســـتی وەدیهێنانی ئەولەویات لە ئاســـاییش و سەقامگیری، کەســـیش پەراوێز ناخات، کاردەکات لە پێناو شەراکەتی نیشتمانیی ڕاستەقینە، ئاشکراشی کرد کە میسر، هەردەم بۆ پێشەوە هەنگاودەنێت و بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی گەل و خەڵکی ساویلکە کاردەکات، ئەوانەی پێویستیان بە کارو کوشتار لە پێناویاندا هەیە.

ڕێژەی بەشـــداری کردن هەر چەند بووبێت یـــان ڕێژەی دەنگەکانی سیســـی چەند بووبێت کە لە کێبڕکێـــی هەڵبژاردندا تاکە پاڵێوراوی سەرکەوتوو بوو، بە دڵنیاییەوە ئەو تەحەددیاتانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە زۆر گەورەن، لەســـەر هەر دوو ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، لە پێشەوەی هەموویانـــەوە چارەســـەرکردنی بارودۆخی تێکچـــووی ئابووری و ئاساییش.. ئەو شەڕە هێشتا کۆتایی نەهاتووەو ڕێگایەکی دوورودرێژ لەبەردەم سەرۆکی تازەی میسردایە بۆ وەدیهێنانی تەبایی و ئاشتی ناوخۆو گێڕانەوەی پێگەی میسر لە دەرەوە.

**میسرییەکان هیوایان بە سیسی هەیە کە ئاواتەکانیان بهێنێتە دی و دووبارە سیاسەت و دەوڵەتی میسر بگەڕێنێتەوە سەر ڕێڕەوی ڕاستی، دوای ئەوەی یەقینیان بۆ دروست بوو کە موحەمەد مورسی تەنیا لایەنگر و پشتگیری جەماعەتی ئیخوان و ڕێکخستنەکانی بوو**

**سیسی بەر لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان ئاماژەی بەوەکرد کە میسر هەرگیز بۆ دواوە ناگەڕێتەوە، لە پێناو بنیاتنانی نیشتمان دەست بۆ هەموو لایەک درێژ دەکات**



### د.ئیناس مێرگل بۆ گوڵان:

# ئەنتەرنێت بۆتە هۆکاری ئەوەی هاووڵاتی هەموو ساتێک بەشداری پرۆسەی سیاسیی بکات

د.ئیناس مێرگل مامۆستای کارگێڕی گشتی و پێوەندییە نیودەوڵەتیەکانە لە زانکۆی سیراکیوز، تایبەتمەندە لەسەر راگەیاندن و پێوەندییەکان و چەندین کتێبیشی لەسەر ستراتیژیەتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانکارییەی ئەنتەرنێت لە ژیانی رۆژانەمان دروستی کردووە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د.ئیناس مێرگل ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.


*** ئەنتەرنێت بۆتە بەشـێك لە ژیانمان و بە درێژایی ڕۆژ و هەفتە بەكاری دەهێنین، كاریگەری كردۆتە سـەر سەرجەم بوارەكانی ژیانمان، ئـەم گەشـەكردنەی تەكنەلۆجیا و ئەنتەرنێتە چۆن دەبینـن، چۆن مرۆڤایەتی دەتوانێت خۆی ڕابێنێت لەگەڵ ئەم تەكنەلۆجیا نوێیەدا، كە خەریكە هەموو ژیانمان داگیر بكات؟**


- مـن هاوڕام لەگەڵتاندا كە بەشـێكی گـەورەی ژیانی ئێمەی داگیر كردبێت. ڕاسـتە خەڵكی و هاووڵاتیان لەڕێی ئەنتەرنێتەوە هەوڵ دەدەن «سـمارت فۆن»ێك بكڕن، یاخود ئەنتەرنێت ڕابكێشـن بۆ ماڵەكانیان، یاخود بچنە سەنتەرێك یـان كتێبخانەیەكەوە بۆ ئەوەی دەسـتیان بـە ئەنتەرنێتدا ڕابگات. هەروەها من لەوەدا هاوڕام كە حاڵی حازر دەستمان زیاتر بەزانیاری ڕادەگات، ئەویش بەهۆی ئەوەی سـەرجەم ڕۆژنامەكان لە سـەر هێڵی ئەنتەرنێت دادەنرێت و هەروەها گۆڤارەكانیش. كە ڕاستەوخۆ خەڵكی دەتوانێت بچێتە سەریان، هەروەها سۆشـیال میدیا بـەكار دەهێنێت وەك فەیس بووك و تویتەر، كەواتە بە دڵنیاییـەوە لەوەدا هاوڕام كە خەڵكی دەتوانن بیست و چوار كاتژمێر لە ڕۆژێكدا و حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەكدا زانیاریان پێبگات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێمواپە پێویسـتە بەدوای زانیاریـدا بگەڕێین و ئەنتەرنێت بەكار بهێنین، بەڵام ئەمە دەبێتەهۆی گۆڕینی ئەوەی ئێمە دەمانەوێت زانیاری لە كوێ وەربگرین، هەروەها دەبێتەهۆی زیادبوونی چاوەڕوانییەكان، بۆ نموونە لەڕێی گوگڵەوە، یاخود ئامرازێكی دیكەی گەڕانەوە بە دوای زانیاریدا دەگەڕێین، بۆ نموونە ئایا كاتەكانی دەست بەكاربوونی كاری دەزگاكانی حكومەتە مەحەلیەكە چەندە، یاخود ئەگەر دەرفەتێكی كار هەبێت لە نێو دەزگای حكومەتدا ئومێد دەكەن بتوانن لەڕێی ئەنتەرنێتەوە داواكاری پێشكەش بكەن بۆ ئەوەی وەربگیرێن. كەواتە چاوەڕوانیەكان زیاتر دەبن و ئەو واقیعەی جێی داخە ئەوەیە كە حكومەت سستە لە پێدانی زانیاریەكاندا. هەندێ جاریش ئەمە پێوەندی بە یاسا و ڕێساكانەوە هەیە و هەندێ جاریش دەبێت بگەیتە كەسێك بۆ ئەوەی ئیمزایەكت بۆ بكات بۆ ئەوەی فۆرمەكە وەربگیرێت، كەواتە لەم ڕووەوە ئەنتەرنێت چاوەڕوانی خەڵك زیاتر دەكات بەوەی هەموو شـتێك لەسەر ئەنتەرنێت دەستەبەر بكرێت.

*** دەبینیـن بەهۆی زیادبوونـی بەكارهێنانی ئەنتەرنێت و سۆشـیال میدیاوە ڕۆژ بە ڕۆژ شـەفافیەت زیاتر دەبێت، دەبینین بە چركە هەواڵە بە پەلەكانت پێدەگات، كەواتە ئێستا هەموو كەسـێك ئاگادارە لەوەی لە چواردەوریدا ڕوودەدات، هەر لەسەر ئاستی مەحەلیش، ئەوا ئەمە كاریگەری هەبووە لەسەر مانای هاووڵاتی بوون و لەسەر حكومڕانی مەحەلی، پرسـیارەكە ئەوەیە چۆن ئەنتەرنێت كاریگەری هەیە لەسەر ڕەهەندی هاووڵاتی بوون و لەسەر حكومڕانی؟**

- یەكێـك لە لایەنی مەسـەلەكان بریتییە لـەوەی ئەمە كاریگەری دەبێت لەسـەر پرۆسـەی بـە دیموكراتیكردن، چونكە خەڵكی زیاتـر ئەنتەرنێت بەكار دەهێنن و زانیاریان پێـدەگات، كە ئەگەر وانەبووایە، ئەوا ڕەنگە خەڵكی ئێوارە لەسـەر شاشـەی تەلەفزیۆنەكان بیانبینیایە، ئەو كاتەش ڕەنگە حكومـەت ئەو زانیاریانەی فلتـەر بكردایە، لەبەر ئـەوەی بە زۆری ئەو زانیاریانەی حكومەت دەیبەخشـێت چەند زانیاریەكی سـنووردارن، كە ڕەنگە ئەوە بەهۆی ئەو ڕێسـا و یاسایانەوە بێت كە لە ئارادان كە بۆ نموونە، ڕەنگە تۆ هیچ شـتێك نەڵێیت تاوەكو زانیاری تەواوت نەبێت. بە زۆری كار و كـردەوەكان ڕوون نین بۆ هاووڵاتیان، مەرجی نییـە ئەوە پێوەنـدی هەبێت بە گەندەڵیـەوە، بەڵكو ڕەنگە پێوەنـدی بەوەوە هەبێت كە ئەو بەرپرسـانەی حكومەت كە مامەڵە لەگـەڵ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامـەدا دەكەن، ئەوا لە كەشێكی سنووردارد ئەم كارە دەكەن. كەواتە كاتێك كەسێك لە وڵاتێكی وەك میسر سەرنجی ئەوە دەدات و ڕایدەگەیەنێت كە خوازیاری ئەوەیە گفتوگۆیەكی كراوە هەبێت وەك ئەوەی لە ئەڵمانیا هەیـە و بتوانێت لەڕێـی ئەنتەرنێتەوە دەنگ بـدات، كەواتە بەڵێ بەراوردكاری هەیە و بۆچوونێكی زۆر و هەمەڕەنگیەكی زۆر هەیە. ئێستا كەلێنێكی گەورە هەیە لە نێوان بۆچوونی بەرپرسـانی حكومەت بەوەی پێویسـتە هاووڵاتیـان چی بزانن یان ئەوەی پێویسـتە چ زانیاریەك بە هاووڵاتیـان بدرێـت و داواكاری زۆری هاووڵاتیان بۆ زانیاری. یاخود هەندێ جار زانیاری هەڵە وەردەگرن، یاخود قسـەو قسـەڵۆك بڵاو دەكرێنەوە، بە تایبەتـی كە زۆر بە ئاسـانی دەتوانی لەڕێی سۆشیال میدیاوە پروپاگەندە بڵاو بكەیتەوە. بۆ نموونە ئێستا گەردەلوولێكی بەهێز هەیە لێرە، و ڕەنگە كەسانێك هەبن كە وا بڵاو بكەنەوە كە ئەمە ڕوونادات و بـەو پێیە هیچ ئامادەكاریەك نەكـەن... بەڵام لەلایەكی دیكەوە كەسـانێك هەن ترس و دڵەڕاوكـێ بڵاو دەكەنەوە، و هەڵدەستن بە دەسـتكاریكردنی دیمەنێك(بە فۆتۆشۆپ) و ئینجـا بڵاوی دەكەنەوە، كە ڕاسـتیش نییـە لە ژیانی ڕاسـتەقینەدا ڕوویندابێت، بەڵام بە داخەوە ئەمە بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، هەروەك چۆن هەمیشـە هەواڵی خراپ-زیاتر لە هەواڵی باش- بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە و ئەمەش یەكێكە لە لایەنە خراپەكانی سۆشیال میدیا. لە هەمان كاتدا ئەمە دەرفەتێكی باشە بۆ بەرپرسانی حكومەت بۆ ئەوەی تێبگەن لەبارەی ئەوەی هەستی خەڵكی چۆنە لەبارەی ئەوەی ئەوان چۆن حكومڕانی دەكرێن، كەواتە پێویسـت بە شەفافیەتی زیاتر هەیە، هەروەها كاتێك پروپاگەندەیەك بڵاو دەبێتەوە ئەوا دەرفەتـی ئەوەیان هەیە لە كاتی خۆیدا لە هەسـتی خەڵك تێبگەن، بەو پێیە بەرپرسـانی حكومی- دەرفەتی ئەوەیان دەبێت- لە ڕەفتـاری مرۆڤەكان سـەبارەت بە ڕووداوێكی گەورە، یان مەسەلەیەكی گەورە یان هەڵمەتێك تێبگەن. بەو پێیە ئەگەر لە هەسـتی خەڵك تێبگەن ئەوا لە پێگەیەكی باشـتردا دەبن بۆ ئەوەی لەوە تێبگەن كە ئەو پروپاگەندەیە ناڕاسـتە و ئەمەش زانیاریە هەڵەكەیە. ئومێدەكەش ئەوەیە خەڵكی ئەوەندە متمانەیان پێبكەن بۆ ئەوەی ئەوە بە زانیاری ڕاسـت بزانن. ئەمە تەنیا بۆ حاڵەتە كتوپڕەكان ڕاست نییە- وەك حاڵەتـی ڕوودانی ئەو گەردەلوولەی من باسـم كرد- بەڵكو بۆ زانیاریە سیاسییەكانیش ڕاستە كە خەڵكی ئازادی

**ئەنتەرنێت چاوەڕوانی خەڵك زیاتر دەكات بەوەی هەموو شتێك لەسەر ئەنتەرنێت دەستەبەر بكرێت**



زیاتری هەبێت بۆ ئەوەی بەدوای زانیاریەکاندا بگەڕێت و هەروەها حکومەتیش کەناڵ و ڕێگای زیاتر دەستەبەر بکات بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریەکان. کەواتە پێویستە حکومەت و ئیدارەی گشتی و بەرپرسە مەشقپێکراوەکانی حکومەت باشتر لەم ئامراز و کەلتورە نوێیە و چاوەڕوانیە نوێیانە تێبگەن، ئەوەش کاتی دەوێت کە خەڵکانی ناو حکومەت لەوە تێبگەن کە چۆن بە شێوەیەکی باشتر ئەم کارە بکەن و چۆن متمانەیان پێ بکرێت، چونکە هەڵیان بژاردون، هەروەها هاووڵاتیانیش چاوەڕوانی زیاتریان دەبێت، چونکە نایانەوێت تەنیا هەر چوار ساڵ جارێك بەشداری سیاسی بکەن، بەڵکو دەیانەوێت بەشداری لە بڕیار و بڕیاردانەدا بکەن بە تایبەت ئەوانەی پێوەندیان بەو پرسانەوە هەیە کە لە کۆمەڵگەکەتدا زۆر بایەخیان پێدەدرێت.

*** یەکێك لە کێشەکان لە پێوەندیدا بە هاووڵاتی بوونەوە بریتییە لەوەی گەشەکردنی تەکنەلۆجیای ئەنتەرنێت دەسەڵاتێکی زیاتری بە تاکەکەسان بەخشیوە، لە ڕووی گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان و لە ڕووی بینینی حاڵەتەکانەوە، و ئێستاش زیاتر دەتوانن گۆڕانکاری بکەن، کێشەکە لەوەدایە هەر کاتێك شۆڕشەکان ڕوویاندا و گۆڕانکاریەکان هاتنەئاراوە، ئەوا زەحمەتە بتوانین سەقامگیری بگەڕێنینەوە بۆ دۆخی پێشوو، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لەم سەدەیەدا بتوانین ئاسایشی کۆمەڵایەتی بپارێزین؟**

- من گریمانەی ئەوە دەکەم کە پرسیارەکەی ئێوە پەیوەستە بەوەی چۆن لە شۆڕشەکانی تونس و میسردا ئەنتەرنێت بەکار هات. ئەگەر وایە ئەوا دەبێت وریا بین و ئەمە بەسەر هەموو حاڵەتەکاندا جێبەجێ نەکەین، چونکە ئەم وڵاتانە بۆ ساڵانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتدا بوونە، ناکۆکیە سیاسییەکە بە هیچ شێوەیەك بایەخی بە هاووڵاتیبوون نەداوە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر وریا بین نەڵێین ئەگەر حکومەت ئەوە نەکات، ئەوا میسرێکی نوێ دروست دەکەین، یان شۆڕشێکی نوێ دەکەین، چونکە شۆڕش کردن دەبێت ڕەوتێکی بەهێزی لە پشت بێت... ئەوەی لە شۆڕشی میسریدا کرا ئەوەبوو کە توانیان ئامادەکاریەکان بکەن بێ ئەوەی حکومەت بتوانێت سەرنجی لێ بدا، بۆیە لە پرێکدا و لە ئێوارەی ڕۆژی هەینیدا ڕژانە نێو گۆڕەپانی تەحریرەوە، هەروەها ئەوەی لە تورکیادا بینیمان کە هەموو کەس باسی ئەوەی دەکرد ئەمە وڵاتێکی دیموکراتیە و نزیکە لە یەکێتی ئەورووپاوە و دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، بەڵام بینیمان کە سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە ڕەفتارێکی کرد هەڵسا بە داخستنی ئەنتەرنێت، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیمان ئەوەیە کە خەڵکی تەواو بە پێچەوانەوە ڕەفتاریان کرد، چونکە- بە بەراورد بە ڕابردو- چالاکیەکی زیاترمان بینی لەسەر تویتەر، خەڵکی ڕێگەیان دۆزیەوە بۆ گەیشتن بە تۆڕی ئەنتەرنێت، ئەگەرچی دابینکەری سەرەکی هێڵی ئەنتەرنێت داخرا بوو، بەڵام ئەوان تویتەر و فەیس بوکیان بەکار هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نائارامی هەیە و خەڵکی زۆر تووڕەن لە سیستمە سیاسییەکە. کەواتە من هاوڕام لەگەڵتاندا کە ئەنتەرنێت فۆرمێکی دیکە بەمە دەبەخشێت، لەگەڵ بەدەستهێنانی پشتیوانی نێودەوڵەتی و شەفافیەتی نێودەوڵەتی، چونکە ڕێکخراوەکان لە وڵاتانی دیکەدا ئاگاداری ئەم دۆخە دەبن. بەڵام من ئۆباڵی ئەمە ناخەمە ئەستۆی ئەنتەرنێت، چونکە خەڵکی پێداویستیان هەیە و ئەگەر هاتوو ئەو پێداویستیانەیان دابین نەکرا، ئەوا هەوڵدەدەن کۆببوونەوە بکەن، بەڵام ئەنتەرنێت کارئاسانی بۆ ئەمە کردووە، ئێمە ئەمەمان لە مەیدانی تەحریر لە میسر و لە مەیدانی تەقسیم لە تورکیا بینی.

*** لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هەندێ شارەزای سیاسی پێیانوایە ڕەنگە لە سەدەی بیست و یەکدا ناسنامەی (CYBER security) ڕوون نەبێت، کە دەکرێت دەوڵەتێك بێت یان ڕێکخراوێك یان کۆمپانیایەکی گەورە یان ڕێکخراوێکی تاوانکاری یان تیرۆریستی بێت، و دەکرێت تاکەکەسێك بێت و کەس نازانێت لە کوێدایە، بە کورتی ئەنتەرنێت بە شێوازێکی تێکدەرانە و بۆ ئامانجی خراپ بەکار دەهێنرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان لەسەدەی بیست و یەکدا؟**

- ئێستا ئێمە لەو دۆخەداین، کە ئەگەر لە پێوەندیی ئەمریکا و چین بڕوانیت، ئەوا بۆ چەند ساڵێکە کە ئەمریکا پەنجەی تاوان درێژ دەکات بۆ چین کە هاککەرەکانی هێرش دەکەنە سەر دامەزراوەکانی ئەمریکا. هەروەها دزەپێکردنەکان و پەردەلادانەکانی ئەم دواییە ئەوەیان ئاشکرا کرد کە حکومەتەکەی ئێمەش لێرە ئەم کارە دەکات. کەواتە «cyber war» بۆتە بەشێك لە کارکردنی حکومەت و بەشێك لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، من شارەزایی ئەم بوارە نیم، بەڵام پێموایە دیپلۆماسیەتی گشتی گرنگترە، و ئەم مەسەلەیەش مەسەلەیەکی هەستیارە، کەواتە ئەوە مەسەلەیەکە کە دەبێت پێوەندیە نێودەوڵەتیەکان چارەسەری بکات، هەروەها دەبێت هەر تاکێکی کۆمەڵگە کە ئەنتەرنێت بەکار دەهێنێت بە شێوەیەکی سەلامەت بەکاری بهێنێت، چونکە حاڵەتی شکاندنی پاسوۆردی ئیمەیڵ هەیە، لەگەڵ چاودێریکردنی ئەوەی چ جۆرە سایتێك دەکەیتەوە. هەروەها ئەو کەسانەی لە بواری هەواڵگریدا کار دەکەن پێویستیان بەوە هەیە لە کاتی بەکارهێنانی ئەنتەرنێتدا بپارێزرێن، چونکە زانیاریەکی زۆریان لا هەیە. هەروەها بۆ ئێوەی ڕۆژنامەنووسانیش کە پێویستە سەرچاوەکانتان بپارێزن. کەواتە ئەمە ئاکامێکی زۆری دەبێت لەسەر هەموو کەسێك لە کۆمەڵگەدا و پرسەکەش ئەوەیە چۆن ئەنتەرنێت بە شێوەیەکی سەلامەت بەکاری بهێنین. و هیوادارم هەموو کەس بەو شێوەیە ئەنتەرنێت بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری خۆیان زیاتر بکەن و بۆچوونی جیاواز بخوێننەوە بۆ ئەوەی دواتر بگەنە بڕیارێك یان بۆچوونێکی باش. لە بیرتان بێت ئەنتەرنێت خۆی لە خۆیدا مایەی شەڕ و خراپە نییە، بەڵکو ئەوە کۆمەڵێك خەڵکن لەڕێی ئەنتەرنێتەوە تەفاعول لەگەڵ یەکدا دەکەن، هەموو مەسەلەکە بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خەڵکی لەسەر هێڵی ئەنتەرنێت چۆن ڕەفتار دەکەن.

**سۆشیال میدیا دەرفەتێکی باشە بۆ بەرپرسانی حکومەت بۆ ئەوەی تێبگەن لەبارەی ئەوەی هەستی خەڵکی چۆنە لەبارەی ئەوەی ئەوان چۆن حکومڕانی دەکرێن**

**خەڵکی پێداویستیان هەیە و ئەگەر هاتوو ئەو پێداویستیانەیان دابین نەکرا، ئەوا هەوڵدەدەن کۆبوونەوە بکەن، بەڵام ئەنتەرنێت کارئاسانی بۆ ئەمە کردووە، ئێمە ئەمەمان لە مەیدانی تەحریر لە میسر و لە مەیدانی تەقسیم لە تورکیا بینی**



**پرۆفیسۆر ئیریکا بورمان چالاکوانی فێمینیست بۆ گوڵان:**

# دەبێت کۆمەڵگە چ ئایندەیەکی هەبێت ئەگەر پانتاییەک نەبێت بۆ ئافرەت تێیدا بیر بکاتەوە

**پرۆفیسۆر ئیریکا بۆرمان یەکێکە لە خانمە فێمینیستەکان لەسەر ئاستی جیهان و ئوستادی پەرەپێدانی سایکۆلۆژییە لە زانکۆی تاکساس، و لەماوەی ساڵانی ١٩٩٨-٢٠١٣ وانەکانی پەرەپێدانی سایکۆلۆژی و سایکۆلۆژیەتی پەروەردەیی و سایکۆلۆژیەتی قۆناخی منداڵی لە زانکۆی مترۆپۆلیان مانشیستەر وتۆتەوە، ئێستا هاو بەڕێوەبەری دامەزراوەی گوتاری یەکگرتووە (Discourse Unit) کە لەساڵی ١٩٩٠ بۆ داکۆکیکردن لە گوتاری ئافرەت دامەزراوە، بۆ قسەکردن سەبارەت بە توندوتیژی دژی ئافرەتان ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئیریکا بورمان سازکرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستە روو.**

*** چۆن دەتوانرێت توندوتیژی دژی ئافرەتان سنوردار بکرێت لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا؟**

- بە داخەوە، توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆتە کێشەیەکی زەق لە سەرجەم کۆمەڵگەکاندا. هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکردووە، ئەم کێشەیە بە هەموو شێواز و ڕێگایەك بۆتە بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم گەشەکردنی ئافرەتاندا. چەندەها جۆر و شێوەی توندوتیژی هەن: توندوتیژی جەستەیی و سێکسی، هەروەها توندوتیژی سۆزداری و داراییش. توندوتیژی دژی ئافرەتان تەنیا لە نێوان کەسەکاندا روونادات، بەڵکو هەندێ جار ئەو ڕێوشوێنانەی حکومەت دەیگرێتەبەر دەبێتە هۆی ئەنجامدانی توندوتیژیی. ئێمە دەبێت هەموومان بەرپرسیارێتی هەڵبگرین بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی دۆخێك کە تێیدا سەرجەم توندوتیژیەکان رەت بکرێنەوە و ڕوودانی توندوتیژی تێیاندا مەحاڵ بێت. باشترکردن و بەرزکردنەوەی پێگەی ئافرەت، و دەستەبەرکردن و دابینکردنی پاراستن و پارێزگاری کردن و پەنابردرنە دادپەروەریەکی کارا، هەنگاوی باش و کاریگەرن. ئەمە بە مانای بوونی ئەو یاسایانە دێت کە ئافرەتان دەپارێزن، لەگەڵ بوونی ئامرازی کارا بۆ جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەو یاسایانە، لەگەڵ بوونی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بە دانپێدانان بە بەها و شایستەیی و یەکسانی ئافرەتان و کچان.

*** هێشتا لە زۆربەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پیاوان دەسەڵاتیان هەیە بەسەر ئافرەتانەوە و ئەمەش وایان لێدەکات ببنە ئامێرێك بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان، ئایا چارەنووسی ئەو کۆمەڵگەیە چی دەبێت کە ڕێگری دەکات لە بیرکردنەوەی ئافرەتان؟**

- من پێش ئەوەی وەڵامتان بدەمەوە دەپرسم، ئایا بەڕاستی چ ئایندەیەك چاوەڕوانی کۆمەڵگە دەکات ئەگەر هاتوو بوار و پانتاییەك نەدرا بە ئافرەتان بۆ ئەوەی بتوانن بیر بکەنەوە؟ بۆچی بواردان و دەرفەت رەخساندن بۆ ئافرەت بۆ ئەوەی بە یەکسانی بەشداری لە پرۆسەی بڕیارداندا بکات و بۆ ئەوەی رۆڵ و بەشداریکردنی لەبەرچاو بگیرێت، بۆچی ئەمە مایەی مەترسی و هەڕەشەیە؟ بەڵام با بە روونی بڵێین، ئەوە تەنیا لەو وڵاتانەدا نییە کە پێیان دەڵێین «تازەگە گەشەکردووەکان» کە ئافرەتان و کچان پێگەیەکی نزمتر و لاوەکییان هەیە. لەوەش زیاتر، ئەم پرسیارە تەنیا پەیوەست نییە بە پێوەندی دەسەڵات لە نێوان رەگەزی نێر و مێ، بەڵکو پەیوەستە بە پێوەندی نێوان نەوەکانەوە(لە نێوان پێگەیشتووان و منداڵان) هەروەها پێوەندی بە تەوەرە سەرەکیەکانی دیکەی دەسەڵاتەوە هەیەکە بریتین لە چینە کۆمەڵایەتیەکان و کەلتور.

کەواتە گرنگترین پرسیارێك کە دەبێت بکرێت بریتییە لەوەی بۆچی ڕێکخستنی پێگەی ئافرەتان ئەوەندە بە توندی پەیوەست دەکرێتەوە بە بیرۆکەی پاراستنی ناسنامە کەلتوریەکان یان چینایەتیەکان، بە تایبەتی کاتێك وا سەیری ئەم ناسنامانە دەکرێت وەك ئەوەی لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بن. کەیسە گەورەکانی ئەم دواییە کە پێوەندیدار بوون بە توندوتیژیەکی مەترسیدار دژی ئافرەتان و کچان تەنیا پەیوەست نەبوون بە توندوتیژی رەگەزییەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە پەیوەست بوون بە پێوەندیەکانی دیکەی دەسەڵاتەوە، بە پێوەندی دەسەڵاتی چینایەتی و تێگەیشتن لە کەلتور و داب و نەریتەوە.

*** کەواتە پێویستە ئافرەتان بەشداری لە پرۆسە سیاسییەکە و لە پرۆسەی بڕیارداندا بکەن، بەڵام بە زۆری ئەم کێشانە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا بەدی دەکرێت، نەك لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چەند ڕێکخراوە جیهانییەکان مەرجیان لەسەر حکومەتەکانی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان داناوە بۆ جێبەجێکردنی یەکسانی جێندەری؟**

- دەکرێت یەکسانی زۆر مانا هەڵبگرێت، دەتوانین گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بکەین لەبارەی ئەوەی «یەکسانی تەواوی ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا» بە مانای چی دێت و چۆن دێتە دی. ئێمە هەموومان وەك یەك نین. بەڵام هەموومان خاوەنی مافین. سەرچاوەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، تەنیا و بە دڵنیاییەوە تەنیا لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا نییە. بەڵکو زیاتر ئەم




دەبێت هەموومان بەرپرسیارێتی هەڵبگرین بۆ دروستکردن و خوڵقاندنی دۆخێک کە تێیدا سەرجەم توندوتیژییەکان ڕەت بکرێنەوە و ڕوودانی توندوتیژی تێیاندا مەحاڵ بێت

وڵاتانە وڵاتگەلێکی هەژارن و دەکەونە ژێرباری چاودێری و هەڵسەنگاندنەوە لەلایەن وڵاتە دەوڵەمەندەکانەوە، بەو پێیە بەرهەڵستی ئەو ڕێوشوێنانە دەکەن کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ئافرەتان، چونکە ئەمە وەك ڕێگایەك بۆ بەرهەڵستی کردنی فشارە دەرەکیەکان و دەستێوەردانە دەرەکیەکان، لە نێویاندا ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان. ئەوەی وەك کێشەی ئافرەتان سەیر دەکرێت تەنیا پەیوەست نییە بە ئافرەتانەوە، بەڵکە پەیوەستە بەو زەمەنەی ئێمە باس لە هەل و مەرجەکان و لە پێگەی ئافرەتان دەکەین، ئەویش ئافرەتان وەك خودی خۆیان، نەك وەك نوێنەرانی ئایدیا و بیرۆکەی دیکە.

*** لە هەندێ کۆمەڵگەدا کوشتنی ئافرەت وەك کوشتنێکی ئاسایی سەیر ناکرێت، بەڵکو پێی دەوترێت کوشتن لەسەر شەرەف، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن کوشتنی ئافرەتان بە کوشتنی مرۆڤێك لێك نادرێتەوە؟**

- شتێك نییە بە ناوی کوشتنی شەرەف، بەڵکو ئەوەی هەیە ئەنجامدانی تاوانە دژ بە ئافرەتان و دژ بە منداڵان و دژ بە مرۆڤایەتی.

*** هاوسەرگیری ناچاری لە خوار تەمەنی هەژدە ساڵیەوە و لە تەمەنەکانی چواردە و پانزە ساڵیەوە حاڵەتێکی دیکەیە ئەگەر چی لە ڕووی یاساییەوە ڕێگەپێنەدراون، بەڵام لە دەرەوەی دادگاکان ئەم کارە دەکرێت مەلایەك ئەنجامی دەدات، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەمە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی؟**

- من دژی ئەوەم کە مافی کەسێك بەکار بهێنرێت لەپێناو بەرەوپێشبردنی ئەجێندایەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوانتر. هەندێ جار بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیە بەرفراوانترەکان جێی باوەڕ و قەناعەتی هەندێ لە دەسەڵاتەکانن، بەڵام بە بۆچوونی من ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردنی مافەکانی دیکە، چونکە وایان لێدەکەین بخرێنە لاوە لە پێناو ئەجێندا کۆمەڵایتیە سیاسییە بەرفراوانەکاندا. پرسی هاوسەرگیری منداڵان پرسێکی ئاڵۆزە. و دەتوانین بڵێین بەلای کەمەوە پرسێکە پەیوەستە بە کەلتور و داب و نەریت و ئابووری و هەروەها ئایینیشەوە.

*** لە سەدەی بیست و یەکدا ئەو تەحەددیاتانەی ڕووبەڕووی دەبینەوە بۆ پیاوان و ئافرەتانیش وەك یەك وان، ئەگەر ئافرەتانیش شان بە شانی پیاو بەشداری لە ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددیاتەکاندا نەکەن، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك پرۆسەی ئاشتی دەخاتە مەترسییەوە، دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی؟**

- ئافرەتان زۆربەی کارەکان ئەنجام دەدەن، بەڵام کارەکانیان و بەشداری کردنیان لەبەرچاو ناگیرێت. بەڵام پێدەچێت پرسیارەکەی ئێوە پەیوەست بێت بە بەشداری سیاسی ئافرەتان لە بواری گشتیدا. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی پەراوێز خراون و سەرکوت کراون، ئەوا پێناچێت ئافرەتان و پیاوان ڕووبەڕووی هەمان تەحەددی ببنەوە، یاخود بەلای کەمەوە هەندێ لە ئافرەتان ڕووبەڕووی تەحەددیەکی زۆرتر دەبنەوە. بە دڵنیاییەوە سەرکوتکردن و ڕێگرتن لە گەشەکردنی، بەڵام بە بۆچوونی من گرنگە کە سەرجەم ئافرەتان و کچان وەك پێویست مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و خێزانیان پێ بدرێت. پرسیاری ئەوەی ئەمە چۆن لەگەڵ گەشەی نەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا دەگونجێت، و چۆن لەگەڵ پێوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا دەگونجێن، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی لاوەکیە. ئەوەی کاریگەریەکی خراپی لەسەر چالاکی و بزووتنەوەکانی ئافرەتان دەبێت لەسەرجەم وڵاتاندا ئەوەیە کە داواکاری ئافرەتان بۆ دادپەروەری و مافەکانی ئافرەتان سنوردار بکرێن بە وڵاتە «ڕۆژئاوا»ییەکانەوە.

گرنگترین پرسیارێک کە دەبێت بکرێت بریتییە لەوەی بۆچی ڕێکخستنی پێگەی ئافرەتان ئەوەندە بە توندی پەیوەست دەکرێتەوە بە بیرۆکەی پاراستنی ناسنامە کەلتورییەکان یان جینایەتیەکان، بە تایبەتی کاتێک وا سەیری ئەم ناسنامانە دەکرێت وەک ئەوەی لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدا بن